# عەقیدە و ئەزمون

**نوسینی د. عبدالکریم سروش**
**و: جمیل حمە غریب – محسن ئەدیب**

---

خۆشبەختانە فەلسەفەی (ئاین) پاش شۆڕشی ئیسلامی بایەخی پێدراوە و تاڕادەیەك بوەتە بابەتێکی ئاشنا.

بۆئەوکەسانەی کە ئاگاداری کەمیان لەم بارەیەوە هەیە رونی دەکەمەوە، کە (فەلسەفەی ئاین)، واتە: ئاین ناسی، ئاین ناسیش جارێك لە دەرەوەیە و جارێك لە ناوەوە. چونکە بەردەوام دوو سەرچاوە بەلای فەیلەسوفی ئاینیەوە جێگای گرنگی پێدانە، یەکەم سەرچاوەیان ئایدیۆلۆژیە نائایینیەکانن، کە بە خستنەڕووی تەرحی فیکری نوێ و هێنانەکایەی پێش پرسیار و گومانە تازەکان سەرنجی باوەڕداران و بیریاران روەو لایەکی تایبەت کەمەندەکێش دەکەن و وێنەیەکی نوێی ئاین لە زەینیاندا دروست دەکەن.

سەرچاوەی دووەم خودی ئاینە، کە بنەما و دەستوری تایبەتی هەیە و مەنزومەیەکە لە باوەڕگەلێکی هارمۆنیکی کە پەیوەندیەکی چەشنی و مەعریفیان هەیە و لە پراکتیزەکردنیاندا بەرهەمی باش و خراپی لێدەکەوێتەوە. موعجیزە، نزا، سروش، باوەڕ، ئەمانە لەو مەسەلە ناوەکیانەی ئاینن کە جێگای باس و لێکۆڵینەوەی موتەکەللیم و فەیلەسوفە ئاینیەکانن؛ وە لەلایەکی ترەوە جەبرو ئیختیار (یا مەسەلەی ویستی ئازاد)، و مەسەلەی مرۆڤ و بەتایبەت مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، زمانی ئاین، مانادارى یا بێمانایی گوزارشتە ئاینیەکان، و تاقیکردنەوەی ئاین لە مەیدانە پراکتیکیەکاندا و نموونەی ئەمانە، کۆمەڵە مەسەلەیێکن کە لە دەرەوەی بازنەی ئایندا لەدایك دەبن و دواتر دەبنە مەسەلە و جێگای گرنگیپێدانی فەیلەسوفە ئاینیەکان. لەبەر ئەمە هیچ سەیر نیە کە بۆ نموونە، تێکەڵاوبوونی فەلسەفەی ئەرستۆیی بەجیهانی ئیسلام، فەیلەسوفە ئیسلامیەکانی رووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت لەبارەی ئاینەوە کردبێتەوە. بە هەمانشێوە سەیر نیە ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا فەلسەفە نوێکانی وەك؛ فەلسەفەی ئەگزیستانس (بونگەرایی)، فەلسەفەی شیکاری و هاوشێوەکانیان، کۆمەڵە پرسیارێکی نوێیان لای فەیلەسوفی ئایینی، وروژاندبێت. کەواتە، فەلسەفەی ئاین، بەم مانایە و لەم روانگەیەوە پەیوەستە بە سەرچاوەیەکی کۆتایی نەهاتووەوە کە هەمیشە، بە پرسیار و دیدگا نوێیەکانی دەوڵەمەندی دەکات و لە هەمان کاتدا خوازیاری وەڵام و بۆچوونە نوێکانیشیەتی.

لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاین و پەیوەندی زمانی ئاین لەگەڵ واقیع و چۆنیەتی ئەزموون پەسەندی بانگەشە ئایینەکان، مەسەلە گەلێکی نوێن لە فەلسەفەی ئایندا. هەندێ لەم پرسیارانە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە زانستی کەلامی کۆندا خراونەتەڕوو، بەڵام لە جیهانی نوێدا، خولیای خستنەڕووی ئەم پرسیارانە و شێوەی وەڵامەکانیان، گۆڕاوە.

لە جیهانی نوێدا، واتە لەو چرکەیەوە کە فەلسەفەی رەخنەگری و قوتابخانە مەعریفیە نوێکان، هاتوونەتە ئاراوە، سنووری تێگەیشتنی مرۆڤ بویە جێی باسێکی چڕو ئەم باسەش بەرە بەرە،

کشا بەرەو ئەوەی کە فەیلەسوفەکان، پرسیاریان لە سنورەکانی تێگەیشتنەوە گواستەوە بۆ پرسیار لە سنورەکانی (ووتن)، و لەبری ئەوەی بپرسن مرۆڤ ئەتوانێ لە چ شتێ تێبگات و لە چ شتێ تێناگات؟

پرسیان کە مرۆڤ چ شتێك دەتوانێ بڵێت و چی ناتوانێ بڵێت؟

واتە پرسیار لە سنورەکانی زەینەوە گۆڕا بەرەو پرسیار لە سنورەکانی زمان (دەتوانین مەسەلەی یەکەم بە مەسەلەی کانت و مەسەلەی دووەم بە مەسەلەی ویتگنشتان ناو بنێین) و بەم شێوەیە بوو مەعریفەناسی و زمانناسی دوو جۆر پرسیاری گرنگی بەرەو رووی ئاین کردەوە و بانگەشەی ئاین ناسانی کرد بۆ تێڕامان و لێیان و وەڵام دانەوەیان.

هەروەك چۆن دەزانین هەندێ لە فەیلەسوفە شیکارییەکانی ئەمڕۆ، جگە لە زمانی زانستی، هەموو زمانەکانی تریان بێمانا لەقەڵەم دەدا، وە وایان کرد لە موتەکەللیمان و دینداران پاسا و بۆ ماناداری بانگهێشتە ئاینیەکان بهێننەوە. کاتێك مەسەلەی پشتگیری و سەلماندن و رەتکردنەوە و ئەزمونکردنی گوزارشتە زانستیەکان لە فەلسەفەی زانست و مەعریفەناسیدا هاتەکایەوە، هەمان پرسیار لای فەیلەسوفە ئایینەکانیش وروژا کە ئایا بانگهێشتە ئاینیەکان لەباری ئەوەدان کە بسەلمێنرێن و ئەزمون بکرێن یان نا؟ ئایا زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی کرداری بێلایەنانە لەمەڕ بانگهێشتە ئاینیەکانەوە دابین دەکرێت یان نا؟ ئایا باوەڕداران و عاشقان، هیچ وەختێك ئاین و مەعشوقەکەیان، تاقیدەکەنەوە یان نا؟ وە ئایا مێژوو، مەیدانی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی حەقانیەتی ئایینەکانە یان نا؟ وە ئایا مێژووی ئاینێك، پەیوەندی بە ئەسڵی ئەو ئاینە (یا ئایدیۆلۆژیا) وە هەیە یان نا؟ و ئایا مەسەلەیەك کە ئەزمون و تەجرەبە ناکرێ، پەسەندکردنی لەگەڵ عەقلانیەتدا وێك دێتەوە یان نا؟ و..

ئەم دوو نموونە تایبەتە ئەوە روون دەکەنەوە کە ئەو بیرۆکانەی دەرەوەی بازنەی ئایندا دروست دەبن و پێدەگەن، چۆن ئاوێتەی فەلسەفەی ئاین دەبن و ئاین و دینداران روبەڕووی پرسیارگەلێکی نوێ دەکەنەوە و خوازیاری وەڵامە نوێکانن لێیان.

پرسیار لە دەقە ئاینیەکان و مانادارى و بێماناییان، ئەزمون پەسەندی و سەلماندن و لەتواناوبونی رەتکردنەوەیان لەو پرسیارانەن کە لە زانستی کەلامی کۆندا ئامادەگیان نەبووە و موتەکەللیمێك ناناسین کە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی کردبێت. موتەکەللیمەکانی پێشوو کاتێك بەرەو رووی یەکتر دەبوونەوە و خەریکی بەڵگەهێنانەوە بوون، خاڵێکی بەڵگەنەویستی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبوو کە بریتی بوو لەوەی لە زمانی ئاین و قسەی مانادارى یەکدی دەگەیشتن و لەم بارەیەوە گرفتێکیان نەبوو. ئەوەی بەلایانەوە گرنگبو سەلماندنی حەقانیەت و رەتکردنەوەی بانگهێشتەکان و ئەرێ و نەرێی بیروبۆچونەکانی یەکتری بوو. بەڵام ئەمڕۆکە، کاتێك ئەم تێورە هاتەکایەوە، کە لەوانەیە هەندێ لەو قسانەی سەردەمانێك مایەی ناکۆکی بوون، بێمانابن، واتە بێ مەغزا و بێمایە بکەونەوە، ئەم گومانە لای فەیلەسوفە ئایینەکان هاتەکایەوە کە نەبادا بانگهێشتە ئایینەکانیش لەم جۆرەبن و هەموو ئەوکاتانەی کە لە ئەرێ و نەرێیاندا بەسەرچوە، بێهودە بووبێت. لەبەرئەوە هەڵسان بە خستنەڕوو و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

گەڵاڵەبوونی ئەم پرسیارانە بەرە بەرە پرسیارێکی تری بەدوای خۆیدا هێنا کە بریتی بوو لەوەی زمانی ئاین چیە؟ نموونەی زمانی مانادار بۆ خوێندەوارە ئاکادیمیەکان زمانی زانست بوو و زمانی نازانستیان بێمانا لەقەڵەم دەدا؛ لەبەرئەوە پرسیار لە یەکبوون و فرەیی زمانەکان، پرسیار

لە یەکبوون یا فرەیی دیسپلین بۆ ماناداری، بویە پرسیارێکی جیدی. ئەو پرسیارە هاتەکایەوە کە ئایا تەنها زمانێکمان هەیە کە زمانی زانست بێ و هەموو بیرمەندان و لەوانیش لێکۆڵەرەوە ئایینەکان، ئەبێت هەوڵی لێنزیکبونەوەی بدەن و پەیڕەوی لێبکەن و وتەکانیان هەرچی زانستی تر بڵێن تا جێگای پەسەند و ماقوڵ تر بکەوێتەوە؟ یا ئەوەی کە زمانی سەربەخۆی جۆراوجۆرمان هەیە کە هەریەکەیان بۆ خۆیان خاوەن رەسمیەت و زیندوویی خۆیانن و هیچ کامیان لەوی تریان ناماقوڵتر نیە؟ لە ئەگەری دووەمدا، ئایا زمانی ئاین چۆن زمانێکە، ئایا زمانی شیعرە؟ زمانی ئەفسانەیە؟ ئایا زمانی گوزارشتە؟ زمانی عورفە؟ زمانی هونەریە؟ دیارە هەموو ئەم پرسیارانە دەرەنجامی پەیدابوونی مەعریفە و قوتابخانە نوێکانن.هاتنەکایەی مەعریفە نوێکان و نەیارە تازەکان لە روانگەی مەعریفەی ئایینییەوە روداوێکی زۆر گرنگ بووە لە مێژووی فەرهەنگی ئایندا و فەیلەسوفە ئایینەکانی رووبەڕووی چەند خاڵێکی نوێ کردۆتەوە و بانگهێشتی چارەسەرکردنی گرفتە نوێکانی کردون. بە وتەی خوالێخۆشبوو (ئیقبال لاهوری)، ئاین ئێستا دوو نەیاری گرنگی پەیداکردووە: زانستی بەشەری و مێژوو. بە گوزارشتێکی دی، دوو سەرچاوەی تر بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەت کەوتوەتە دەست مرۆڤ و کاری دژواری ئەمڕۆی مرۆڤەکان هاوسەنگیکردنە لەنێوان ئەم سێ سەرچاوەیەدا. ئەو پرسیارەی کە (کانت) وروژاند لە سنوری تێگەیشتنی مرۆڤ پرسیاری کرد و لێرەوە، تەواوی بەڵگەکانی خواناسی و سەلماندنە تەقلیدیەکانی بوونی خوای لە زانستی کەلا م و فەلسەفەدا خستە ژێر زەبری رەخنەو رای خۆی یەک لە دوای یەک بێسودی هەریەکەیانی ئاشکراکرد، ئەمە پرسیارێ بوو لە قوتابخانەیەکدا وروژا کە بوویە هۆی پشکوتنی زانستی کەلام و فەلەسفە لە رۆژئاوادا. ئەتوانین بە جورئەتەوە بڵێین کە لە نیوەی دووی سەدەی بیستەمەوە (لە حاڵی حازر) بە دەگمەن فەیلەسوف و موتەکەلیمێك ماوەتەوە کە دلێرانە ئاشکرای بکات ئەتوانێ بەڵگەی بنەبڕ بۆ سەلماندنی بوونی خوا بێنێتەوە. ئەوەی کە هەنوکە لای فەیلەسوفە ئاینیەکان جێگای گرنگی پێدانە و لەبارەیەوە دەکۆڵنەوە، مەسەلەی (عەقلانیبوونی باوەڕە ئایینەکانە) نەك سەلماندنیان، و دەرەنجامەکەی ئەمەیە کە دینداری و باوەڕبوون بە خواو سروش و جیهانی نادیار و جیهانی دوای مردن و فریشتەکان، مەسەلەیەکی عەقلانیە و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم جۆرە شتانە هەیە، مرۆڤگەلێکی سروشتی و عاقڵن و مەرج نیە کە مرۆڤ دەست لە عەقڵی خۆی بشوات ئەوکات باوەڕ بە خوا بێنێ. ئەتوانێ عاقڵ بێت و لە هەمانکاتدا باوەڕیشی بە خوا هەبێت. ئەمە هەموو ئەو شتانەن کە فەیلەسوف و موتەکللیمە نوێکان لە لێکۆڵینەوە عەقڵی و فەلسەفیەکانیان سەبارەت بە ئاین، ئەیانەوێ بیگەنێ و رایگەیەنن بە بەرامبەرکانیان.

هەوڵی ئەم فەیلەسوفانە لەوەدا بە خەرج ئەدرێ کە بڵێن بەڵێ باوەڕبوون بە خودا و بە غەیب و سروش و موعجیزە و نزا و رۆژی دوایی، شتێکی عەقڵ پەسەندە؛ و هەروەك چۆن دەزانن، عەقلانیبوون گشتگیرترە لە راست و هەڵەبوون. مرۆڤ توشی (هەڵەی ماقوڵ) یش دەبێت، بەڵام خودی ئەم هەڵەیە نیشانەی عاقڵیە و لەگەڵ ئەو گێلێتیەی کە دژی عەقلانیبوونە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نیە. دەبێت لەوە حاڵی بووبن کە بەرامبەر چەندێك بەهێز هاتووەتە مەیدانەوە کە زانایانی (کەلام) لە بەرامبەری ئەو و لەژێر بۆمبارانی فەلسەفەی کانتیدا، بەم ئەندازەیە رازیبوون کە بیسەلمێنن، ئەزمونی ئاینی بە هەمان شێوەی ئەزمونی هەستی پەسەند و عەقلانییەو بە هەمان شێوە کە زانست، مەعریفەیەکی هەڵە پەسەندە بەڵام شتێکی رێزدار و نکولی لێنەکراوە، مەعریفەی ئایینیش کە لەسەر بنەمای ئەزمونی ئایینی و سروش دامەزراوە، مەعریفەیەکی هەڵە

پەسەندە، لە هەمان کاتیشدا ڕێزدا رو نکولی لێنەکراو و پەسەندە. ئەڵبەتە هەندێ خەڵکی کەم رایان وایە بێباوەڕی (الحاد) ناعەقڵانیە؟،

ئەمەیەکرۆکی ئەو شتەی کە فەیلەسوفانی وەك پلن تین جا (Plantinga) ئولستون (Alston) و کەسانی تر لەم سەردەمەدا پێوەی سەرقاڵ دەبن و لە راستیدا کۆمەڵە خاڵێکی گرنگیشیان خستوەتەڕوو. بۆ ئەو کەسانەی کە خولیایانە بزانن ئەم فەیلەسوفانە چۆن بیرئەکەنەوە و بنەمای لێکۆڵینەوەکانیان چیە، هەر ئەوەندە ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەوان لە لێکۆڵینەوە ئیبستمۆلۆژیەکانیاندا جەخت لەسەر پەسەندکردنی (Justication) بیرۆکە ئایینەکان دەکەنەوە. پەسەندکردن بەزۆری دوو جۆری هەیە، یەکەمیان جۆری ئیستقرائی (بە بەڵگە پشت بەستن) ئەوی دی پشت بەستنە بە روانگە متمانە پێکراوەکانی مەعریفەت (پشت بەستن بە هۆکار (علت).

جۆری ئیستقرایی جۆرێکی ناجێگیرە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی بەکاردەبرێ لە زانستەکاندا و یا بانگەشەدەکرێ کە بەکارهێنراوە. جۆرەکەی دی بریتیە لە پشت بەستن بە روانگە متمانەپێکراوەکانی مەعریفەت. متمانەپێکراو مانای ئەوە نیە کە هەڵە قەبوڵ ناکات بەڵکو مانای بێگانە نەبوونە لەگەڵ واقیعدا. هەر بەم مانایەش ئێمە عەقڵ و هەست بە متمانەپێکراو ئەناسین. ئەم فەیلەسوفانە، ئەزمونی ئاینی و سروش و ئیلهامیش پەسەنددەکەن واتە بەراستی دەزانن و دەرەنجامەکانیشیان بەجێگیر و شایستەی گرنگیپێدانێکی جیدی و عەقڵی دەزانن.

ئاماژەیێکی کورتیش دەکەم بە مەسەلەیێکی نوێ لە زانستی کەلامی مەسیحیدا، کە ئەویش سەرفرازی و بەختەوەریە. پرسیاری ئەو زانایانەی کەلام بریتیە لە: ئایا لە هەر سەردەمێکدا، تەنها یەك رێگا هەیە بۆ سەرفرازی و بەختەوەری، وە رێگەکانی دی لاڕێیە؟ یاخود رێگای جۆراوجۆر بۆ سەرفرازی هەیە؟ مافی هەریەکە لە مەسیحی و موسڵمان و زەردەشتێکە کە لە خۆی بپرسێ، ئایا بەراستی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئاینەکەی مندان، بە مەرامی خۆیان ناگەن و رەنجێکی بێهودە ئەدەن و تەمەنیشیان بە هەدەر ئەدەن؟ خەیاڵیان تەنها بە سەرفرازی و رێنمونییەوە مەشغوڵە و بێ ئاگان لە حەقیقەتەکەی؟ سەرگەردان و نەفرەت لێکراوی خودان؟

بێ هیچ گوناهێك گومڕابوون و لە رەحمەتی خواو ناز و نیعمەتی پاشەڕۆژ بێبەشن؟ ئایا حوجرە و بازنەی رێنمونی و سەرفرازی و رزگاری، ئەوەندە تەنگ و تەنگەبەرە کە تەنها هاوئاینەکانی منی تێئەخزێنرێ و دەرگا لەسەر ئەوانی دی شەوژەن ئەدا؟ ئایا خودا، هەموو مرۆڤەکانی جگە لە هاوئایینەکانی ئێمەی خستوەتە ژێر رکێفی شەیتان؟ ئایا بەردەوام زۆرینەی خەڵکانی سەرزەمین، گومڕا و جەهەنەمی و شەیتاندۆست و شەیتانپەرست و نەفرینلێکراوانی بارەگای خوا پێك دێنن؟ داوەری عەقڵ و بۆچونی ئاین لەمبارەیەوە چیە؟ ئەم پرسیارە، تەنانەت لای رێچکەکانی ناو خودی ئاینیش جێگای گرنگیپێدانە، پرۆتستانت و ئەرسەدۆکس و کاسۆلیك لە مەسیحیەت، و شیعە و سوننی لە ئیسلام هەمان گرفتیان هەیە.

لەلاییێکەوە، باوەڕداری و یەقین بوون بە باوەڕگەلێکی تایەبت، ناچارت دەکات خەڵکانی دی بە کافر و گومڕا لەقەڵەم بدەیت و لەلاییێکی ترەوە، فراوانی ناکۆکیی و گرفتە چارەسەرنەکراوە مەزهەبیەکان و یەقین بوونی هەموو باوەڕداران بە راستی و دروستی رێگاکەیان، ئەم گومانە دروست دەکات کە نەبادا خودی ئەم فرەییە لە ویستەکانی خوداوەند بێت، و هەر رێچکەیەك برێ

له حەقیقەت (لەئەنجامدا له رێنمونی و بەختەوەری و رزگاری) لا دەست بکەوێت. ئایا حەقیقەت یەكێك نیە و ئەم جیاوازیانە (بە رای مەولانای رۆمی) پەیوەست نیە بە دیدگا جیاوازانەكانەوە؟

ئایا هەموومان، وەك ئەو شوانە نین كە تەنها كاتێك مۆسایێك بەدەر ئەكەوێ تێئەگەین كە دەرك وێنامان چەندێك ناتەواو بووە؟ ئایا جیاوازی ئاینەكان لە جۆر دایە لە پلە و چۆنیەتیدا؟ ئایا ئاینەكان تەنها جەوهەرێكیان هەیە یان چەند جەوهەرێك؟ و.. ئەمە كۆمەڵە پرسیارێكن كە ئەمڕۆ زانایانی كەلامی وەك بارت (Barth) و برونز (Branner) لە بەرامبەر كۆنگ (Kung) و هیك (Hick) و ئیسمارت (Smart) و توین بی (Toynbee) داناوە. هیك بەرگری لە پلۆرالیزم دەكات بەڵام بارت كە بانگەشەكەری ئەرسەدۆكسی نوێیە، لە دەرەوەی مەسیحیەتدا هیچ سروشتێك بە دروست و كامڵ نازانێت.

لە ساڵی ١٩٦٤ بەدواوە فتوای رەسمی كلێسای كاسۆلیك – مەسیحیەت ئەوەبوە كە لە دەرەوەی مەسیحیەتیشدا رێگای سەرفرازی و نەجات بۆ پەیڕەوانی شەریعەتەكانی تر هەیە و بەتایبەت موسڵمانان ئەتوانن بگەنە خۆشبەختی و سەرفرازی. بەڵام بەهۆی ئەوەی كە هەموو زانایانی كەلامی مەسیحی كاسۆلیك نین و لەنێوانیشیاندا ئەرسەدۆك و پرۆتستانتیش هەیە، و هەروەها لەبەرئەوەی كە فتوای رەسمی پاپا لەلایەن هەموو زانایانی كەلامەوە قەبوڵ ناكرێ، ئەم باسە لەراستیدا بەردەوام خەڵكێكی زۆر بەخۆیەوە خەریك دەكات. بۆ ئێمەی موسڵمان كەمترین سودی ئەمەیە بە چاوێكی تر سەیری ناكۆكیە ناوەكیە ئاینیەكان (دوبەرەكی شیعە و سوننی) بكین و ئەو یەكڕیزیە خوازراوە ئیسلامیە، لەسەر بنەماگەلێكی تیۆری جێگیر دابمەزرێنین بەتەنها وەكو بەرژەوەندییێكی كاتی تەماشای نەكەین، ئەم خاڵانەی لای سەرەوە وەكو پێشەكیەك بوون بۆ روونكردنەوەی فەلسەفەی ئاین.

وەك ئاماژەم پێكرد یەكێك لە باسە گرنگەكانی فەلسەفەی ئاین ئەوەیە كە، بانگەشە كەلامی و ئایینەكان، ئایا ئەزموون پەسەندن یان نا؟

ئەو كەسانەی كە ئەم باسە جێی گرنگیپێدانیانە، زیاتر لە هەموو شتێك بۆ چوونە كەلامیەكانیان خستووەتە بەر دەم لێكۆڵینەوە و رەخنەوە، كە ئاماژە دەدەن بە زات و سیفاتی خودا. بۆ نموونە بەدرێژی باسیان لەوە كردوە كە ئایا مەسەلەی بوون و نەبوونی خودا، ئەزمون پەسەندە یان نا؟ واتە. ئایا ئەگەر خودا نەبێت، جیاوازییێكی هەست پێكراو لەجیهاندا دێتە دی یان نا؟ ئایا دادی خودا لە پراكتیكدا ئەتوانرێت پیشان بدرێت یان نا؟ ئەڵبەتە ئەزمون پەسەندی لە روانگەی قوتابخانە جیاوازەكانی فەلسەفەی زانست و مەعریفە ناسیەوە ماناگەلێكی جیاواز ئەدات بەدەستەوە. هەندی جار بانگەشەیەك، لە رێگای پیشاندانی نمونەیەكی پۆزەتیفەوە، ئەزمون دەكرێت و هەندێ جاریش لە رێگای نێگەتیف و دژەكانەوە. ئەگەر بۆ شتێك نەتوانین هیچكام لە نمونە سەلمێنەر و پۆزەتیڤەكان و نمونە نیگەتیف و رەتكەرەوەكان بخەینەڕوو ئەبێ باوەڕ بەوە بكەین كە ئەو تیئۆرە ئەزمون پەسەند نیە. كەواتە ئەزمون پەسەندی لەوەدا بەرجەستە ئەبێت كە بتوانرێ بۆ تیۆریەك، نمونە پۆزەتیف و نێگەتیڤەكان و یا نمونە سەلمێنەر و رەتكەرەوەكان بخرێتە روو و ئەگەر لەم پرەنسیپەوە دەست پێبكەین رووبەڕووی كۆمەڵە پرسیارێكی نامۆ دەبینەوە. زۆر كەس هەوڵیان داوە بیسەلمێنن بیرۆكە ئایینەكان – بەتایبەت ئەوەی كە پەیوەندیدارە بە زاتی پەروەردەگارەوە – هەمووی ئەزمون ناپەسەندە، چونكە لەپاڵ نمونە پۆزەتیڤەكاندا نمونە نێگەتیف و رەتكەرەوەكانیش هەیە و ئەگەر بتانەوێ پاسا و بۆ نمونە

نێگەتیڤەکان بهێننەوە، ئەوا گومان لەسەر نمونە پۆزەتیڤەکانیش دروست دەبێت. ئەم فەیلەسوفانە ئەڵێن، ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەوە هەیە، خودا دادپەروەر و بەبەزەییە، کۆمەڵە نمونەیەکی پۆزەتیڤ دەخەنە روو، کە تیایاندا ماف ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن ماف، وە بونەوەرێکی موحتاج، پێداویستیەکەی دابین دەکرێت، کۆرپەیەك کە دێتە دنیاوە پێویستی بە خواردن هەیە و دانی نیە، لەبری ئەمەدا دایکی شیری هەیە و ئامادەیە کە بە هەموو میهرەبانی خۆیەوە ئەم شیرەی بخاتە خزمەتی کۆرپەکەیەوە.

ئەمە لە نمونەکانی میهرەبانی و دادپەروەری پەروەردگارەکە پێش وەخت، دایکی بەو شێوەیە ئامادەکردووە کە بگاتە فریای کۆرپەکەی و لە مردن و برسێتی رزگاری بکات.

ئەم فەیلەسوفانە وتویانە بەڵام لە بەرامبەر ئەم نموونانەدا، پانتاییەکی فراوانیشیمان هەیە کە کەس ناگاتە فریای برسی و بێنەواو ستەمدیدە و نەخۆش و بێبەشەکان. ئەگەر ئەوانەمان هەبێ، ئەمانەشمان هەیە. ئاخۆ دەبێ وەڵامی ئەمانە چۆن بدرێتەوە. لە وەڵامدا وتویانە، کە ئەمجۆرە ئافات و نەهامەتیانە، کۆمەڵێ بەرژەوەندی و سودی نادیاری هەیە و یا پاشکۆی دانەبڕاوی ئەو جوانیانەیە و یاخود نەهامەتیەکان لە رەگەزی نەبوونن و یا نازو نیعمەتەکان زۆرترن لە نەهامەتیەکان و بوون لە خودی خۆیدا خەیرە و یا روودانی نەهامەتیەکان بەهۆی هەڵبژاردنی مرۆڤەکانەوە .. هتد.

بێباوەڕان ئەم پاساوانەیان پێ پەسەند نەکراو پرسییان بۆمان روون بکەنەوە جیهان بە چ شێوەیەك بوایە نادادپەرورانە لەقەڵەم دەدرا؟

لێرەوە پاساوەکانی ئێوە بەرەو ئەوەمان دەبات کە جیهان هەر چۆنێك بێت دادپەروەرانە دەبێت و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت لە پراکتیکدا جیاوازی بکرێت لەنێوان دادپەروەربوون و نادادپەروەربووندا و ئەمەش بریتییە لە خودی ئەزمون ناپەسەندی. کەواتە دەبێت دادی خودایی لەبان ئەزمونەوە تەماشا بکرێ و (هەر بەم پێیەش هەموو سیفەتەکانی تری). بە گوزارشتێکی دی بانگەشەی بوونی خودا و سیفەتەکانی ئەو، بانگەشە گەلێکی فەلسەفەی – میتافیزیکین نەوەك تەجرەبی. زۆر چاکە بەڵام لێرەدا مەبەستەکەمان کۆتایی نایێت. خواناسێك ئەیەوێت جێدەستی خوا لەجیهاندا ببینێت. ساتێك ئەوە ئەدرکێنێ کە خوا میهرەبان (رحمان) و بەبەزەیی (رحیم) و وەڵامدەرەوە (مجیب)ە، خودا دادپەروەرە، خودا تۆڵەسێنەرەوەیە، مەبەستی ئەوە نیە کە خوا بەو مانایەی کە من تێی ناگەم و نایبینم و ناتوانم تاقیکەمەوە، هەموو ئەم سیفەتانەی تێدا بەرجەستەیە. من دەخوازم چێژ لە داد و بەزەیی ئەو وەرگرم. کەواتە یا دەبێت واتای داد و بەزەیی بگۆڕدرێت یان بوونی خودا لە جیهاندا بسڕێتەوە، و یا دەبێت وەڵامێکی شیاوی پرسیاری ئەزمون پەسەندی بدرێتەوە.

ئەگەر بە ئەزمون ناپەسەندی بیرۆکە ئایینەکان (بەتایبەت ئەو بانگێشتانەی کە لەمەڕ سیفەتەکانی خودا هاتووە) فتوا بدەین، لە روویێکەوە خاترجەم دەبین. لەم رووەوە کە نمونە رەتکەرەوەکان، شتێك لە باوەڕێ ئێمە رەت ناکەنەوە. باوەڕمان وایە پەروەردگار بە مانایێك لە ماناکان دادپەروەرە تەنانەت ئەگەر هەزاران منالی کەمئەندام و دیکتاتۆری خوێنرێژ و میکرۆبی خوێنمژ و نەخۆشیە مەرگهێنەرەکان بێنێتە ئارا و ملیۆنەها مرۆڤ لە رەنج و ستەم و هەژاری و ناڕەحەتی دابینێ و بەزەییشی پیایاندا نەیێتەوە. هێشتر دادپەروەری ئەو پارێزراوە. ئەگەر واتان

دانا کە ئەم بانگهێشتانە ئـەزمون ناپەسـەندن و رەتـیش ناکرێنـەوە، ئەمـە لـەو رووەوە چاکـە کـە باوەڕی ئێوە ناخاتە ژێر کاریگەری ئەو رووداوانەی کە لەسەر ئاستی جیاندا روودەدەن.

رێك وەکو ئەو فڕۆکەیەی لە بـە ئاسمـاندا تێدەپـەڕێت و، هـەرچی دەریاکـان شـەپۆل بـدەن و، هەرچی شاخەکانیش بهەژێن و زەویش شەق ببات، هیچ کێشەیەك بۆ ئەم فڕۆکەیە دروست ناکـەن. گرفت لێرەوە دەست پێدەکـات کـە ئـەم فڕۆکەیـە بیـەوێت لەسـەر رووی زەوی بنیشـێتەوە، لـەم ساتەوەختەدا ناتوانێت بێباك بێت بە دەریا و شاخەکان. ئەو کەسەی باوەڕی بە خودای بەبەزەیی و دادپەروەر و تۆڵەسێنەرەوە هەیە، ئایا باوەڕی بە بەزەییێك هەیە کە لەم دنیایەدا نابینرێت؟ ئایـا باوەڕی بە دادپـەروەری و تۆڵەسـەندنەوەییێك هەیـە کـە نـاتوانرێ هیـچ نمونـەیێکی لـێبەرجەستە بکرێ؟

یا دەیەوێت لە بیابان و دەریا و شاخ و دەشتدا، نمونەیەك لە جێدەستی خـودا ببینێـت؟ ئایـا ئـەم دیتنـە دیتنێکی هەسـتپێکراو و لەبـەرچاوە و هـەموان ئـەتوانن تـیایدا بەشـداربن و ئەچێتـە عەقڵیانەوە؟

یا دیتنێکە بەتەنها تایبەت بە باوەڕدارانە؟ لێرەدا، هەندێك هەوڵ ئەدەن جێدەسـتی نەوازشـی خودا لەسەر مرۆڤەکان بخەنەڕوو و هەندێکیش بە پشت بەستن بە پرەنسـیپ و بنـەما کەلامیـەکان هەوڵ ئەدەن روونیکەنەوە کە دادی خوا، خاوەنی چەند بەڵگـەیـەکی بـەهێزی وایـە کـە بوارێـك بـۆ گومان ناهێڵێتەوە. نمونە پۆزەتیڤەکانیش لە راستیدا، لە نمونـەکانی داد و بـەزەیی ئـەون. نمونـە نێگەتیڤەکانیش رۆژێك نهێنیان ئاشـکرا دەبێـت و دەزانرێـت کـە ناکۆکیـەکیان لەگـەڵ دادی ئـەودا نەبوە.

بە رای ئەمان بانگهێشتە ئاینیەکان ئەزمون پەسەندن، بەڵام وەڵامی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان لە دنیایەکی تردا دێتەدی، وەکو شاعر دەڵێ:

مەڵێ شکانی شوشەی دڵ دەنگی نایە
لە قیامەتدا ئەم دەنگە دەگاتە گوێ

گریمان جیهانێکی تریش هەیە و دەرکەوتن و بازنەی دەسەڵاتی پەروەردگار تەنها لـەم جیهانـە هەست پێکراوە سروشتیەدا کورت نەبێتەوە و، مێژووی ئەم جیهانە، تەنها بەشێکی کورتی تەمەنی بوون و مرۆڤایەتی بێت، لەم رووەوە پێویستە پانتایی ئەزمون بەرینتر کەین و لە رۆژی دواییدا داد و بەزەیی فراوانی خوا ببینـین. پـەروەردگار خـۆی دەنوێنـێ بـەڵام نـەك لـە ئاوێنـەی بچوکی ئـەم جیهانەدا، بەڵکو لە ئاوێنەیەك دا خۆی دەنوێنێ بەئەندازەی گەورەیی بێسنوری بوون.

هەندێك لە زانایانی کەلامی ئێمە بۆ سەلماندنی رۆژی دوایی و لێپرسـینەوەی ئـەو رۆژە و هـۆی هـەبوونی سزا و پاداشـت راسـت لـەم روانگەیـەوە لـێی دواون. ئەمـە راسـتە بـەڵام ئـەم جـۆرە بەڵگەهێنانەوە و ئەمەی کە دنیـا و قیامـەت پێکـەوە بـە شـانۆی تاقیکردنـەو بزانـین، رێك لەگـەڵ ئەزمون ناپەسەندکردنی بانگهێشتە ئایینەکاندا یەکسانە و جگە لەمە هیـچ مانایـەکی دیکـەی نیـە، لەبەرئـەوە ئەگـەر لـە زانستیشدا مادەیـەکتان بدەنـێ و داواتـان لێبکـەن تاقیبکەنـەوە و بـەڵام تاقیگاکەی لەم جیهانەدا نەبێ، ئەمە چ دەرەنجامێ ئەدا بەدەستەوە؟

ئایـا ئـەوە بـە ئـەزمون ناپەسـند لەقەڵـەم نـادەن؟ ئـەم ئـەزمون ناپەسـەندیەی بنـەما میتافیزکیەکان، مانای تەجرەبی نەبوونیانە، واتـە نـە بـە یارمـەتی سـەر بگـیری (ئیستیقراو) بـە

دەستیان دەخەین و نە بە یارمەتی ئەزمون ئەتوانین راست و درۆیان بسەلمێنین. دیاریکردنی راست و درۆیان شێوازێکی دیکەی هەیە. دەرەنجامی ئاشکرای ئەم باسە ئەوەیە کە هیچ کاتێك ناتوانرێت بوترێت فلانەشت لوتفی خودا یا سزایەتی. کەسێ سامانێکی دەست ئەکەوێ و بانگەشەی ئەوە ئەکات لە فەزڵی خواوەیە و کەسێك تێئەنیشێ، دوژمنەکانی بە نەفرەت لێکراوی خوای لەقەڵەم ئەدەن. دیاریکردنی ئەم پێودانگە لە هیچ روویێکەوە دروست نیە و حەقیقەتی ئەم کاروبارانە جگە لە خواو ئەولیاکانی کەسێکی دی نایزانێ.

کۆمەڵێکیش وتوویانە بەلایەنی کەمەوە، جیهانی دەرەوە ئەوەمان بۆ روونئەکاتەوە کە خوا زاڵم نیە، نەزان نیە و.. ئێمەش چرکەیێك باس لە داد و زانینی خودا ئەکەین، ئەڵێین هەر ئەوەندە تێئەگەین کە خوا نەزان و زاڵم نیە، بەڵام لە حەقیقەتی سیفەتەکانی ئەو وەکو پێویست ناگەین و شێوازی پراکتیزەکردنیشی بەسەر روداوە دەرەکیەکاندا نازانین.

ئەم قسەیەش لەگەڵ تەم و مژاویکردنی واتای دروستی داد و زانین و.. ئەزمون پەسەندیشیان لێئەسەنێتەوە.

لێرەدا، لەم رووەوە سەیری ئەزمون پسەندی ئاین ئەکەین کە پێکهێنەری رژێمێکی دنیاییە. ئەمانەوێ بزانین، شکست و سەرکەوتنی پراکتیکی رژێمێکی ئاینی و عەقیدەیی، ئەزمونێکە بۆ سەلماندنی حەقانیەت و پوچەڵی ئەو ئاینە یان نا؟ کەواتە لێرەوە قسە لەسەر بەشەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینیە وەکو تیورێك کە دەبێتە خاوەن سەلماندنێکی کردەیی و دەرەکی و گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەخۆوە دەبینێ، کۆمەڵە رەفتارێك لێیەوە سەرچاوە دەگرێ و دواجار شکست یا سەرکەوتنی بە نسیب دەبێت. بزانین تا چ ئەندازەیەك ئەم شکستە یا سەرکەوتنە پراکتیکیە حەقانیەت یا پوچەڵی ئەو ئایدیۆلۆژیایە روون ئەکاتەوە؟ نمونەیێکی ئاشنا دەهێنمەوە تا مەبەستی پرسیارەکە روونتر ببێتەوە: چەند رووداوێکی گرنگ لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا رویداوە بەڵام یەکێکیان بەتایبەت شایستەی تێرامانی ئێمەیە. مەبەستمە بەتایبەت ئاماژە بکەم بە رژێمی مارکسیزم و لێهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەو راڤانەی کە لەم رووەوە ئەنجام دراون. راڤەکان جۆراوجۆرن. خودی مارکسیەکان شتێك دەڵێن و نەیارەکانیشیان شتێکی دی.

نەیارەکانی ئەو رژێمە، هەلهەلەی خۆشیانە، دۆست و لایەنگرانیشیان غەمگین و سەرسوڕما و یا بێدەنگیان هەڵبژاردوە یا خەریکی پاساوهێنانەوەن یاخود ئەگەر بە ویژدان و عاقڵ بن، سەرقاڵی پەند و ئامۆژگاری وەرگرتنن.

یەکێك لەو دەرنجامانەی کە نەیارەکان لەم پارچە پارچەبونەی یەکێتی سۆڤیەت پێی گەیشتون بریتیە لەوەی کە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم لە بنەڕەتدا وێران بوو، هەربۆیە ئەو رژێمە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەر ئەم بنەمایە دابمەزرێ، سەرئەنجامەکەشی وێران بوونە. سەیری تەنزی مێژوو بکەن! لەبری ئەوەی مارکسیەکان بە مەرگی سەرمایەداری شادبوونایە هەنوکە سەرمایەدارەکان مەرگی مارکسیەکانیان بینی. راڤەی مارکسیستیانەی ئەم روداوە ئەوەیە کە مارکسیزم بەکۆتایی تەمەنی مێژوویی خۆی گەیووە و گۆڕی خۆی بە دەستی خۆی هەڵکەند. (ئەمە راڤەیە کە کەئەگەر سەرمایەداریش بروخایە، مارکسیەکان بۆیان ئەکرد)، راڤە نامارکسیەکەشی ئەمەیە کە لەنگیە ناوەکیەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە (زانستی نەبوون و دیکتاتۆری بوونی و..) بوویە هۆی تیاچونی. ئەمە راڤەیەکی نادۆستانەی ئەم روداوەیە، راڤەیەکی دۆستانەتر

ئەوەیە کە نە لەنگی ناوەکی و نە حەتمیـەتی مێژوویی هیچکامیـان لـە هۆکـانی روخـانی نـەبوون، بەڵکو پیلانگێڕی دوژمنان و یاخود بەدحاڵی بـوون و یـا خـراپ پراکـتریزەکردنی دەسـەڵاتداران لـە هۆکانی روخانی ئەو رێژمە بوون.

لێرەوە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە یەکەم ئایا ئەم شیتەڵکاریە بەتـەنها رژێمـە تیۆریـەکان و ئایدیۆلۆژیا مرۆییـەکان دەگرێتـەوە یـاخود خـودی رژێمـە ئایینیـەکانیش لـە هـەمان روانگـەوە تاقیدەکرێنەوە؟ و دووەم؛ شکست و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، ئەتوانن ببنە بنەماییکی دروست بۆ لەبێژنگدانی حەقانیەت و پوچەڵی مەزهەبێك یان نا؟ ئەگـەر بڵێـین بـەڵێ، مەدلولەکـەی ئەوەیە کە مەهەزبە ئاینیەکان ئەزمون پەسەندن و ئەگەر بڵێین نـا، ئـەزمون پەسـەندیمان لــێیان سـەندوەتەوە، لـەم حاڵەتـەدا رووبـەڕووی ئـەم پرسیارە دەبینـەوە کـە ئایدیۆلۆژیایـەکی ئـەزمون ناپەسـەند، کـە خـۆی لەسـەرو روداوەکـانی جیهانـەوە دەبینێتـەوە و گۆڕانـەکان نـە نارەحـــەت و نەدڵخۆشی دەکەن، بە چ مانایێك دەبێتە پشتیوانی رژێمێکی جێگیری دەرەکی و ئەو رژێمە چلۆن خـۆی بـە پـەیوەندیدار و سـەر بـەو دەزانـێ؟ لـە پێداویستیەکانی ئـەزمون ناســەپندی، پچڕانــی پەیوەندیـە، و شارستانیەتی ئیسلامی یا رژێمی مارکسـی بـە هیـچ شـێوەیەك تەحـەمولی ئـەم دابڕانەیان نیە ئەوان هەموو شوناسی خۆیان لەو پەیوەندیەوە وەردەگرن.

با لــە خۆمـان بپرسـین ئەگـەر لـە واقیعدا مارکسیزم سـەرکەوتایە ئـەو بەسـەرهاتەی کـە لـەم سەردەمەدا بەسەر ئەودا هات، بەسـەر رژێمـی بەرامبـەردا بهاتبایـە، واتـە سـەرمایەداری شکسـتی بخواردایە و پایەکانی داڕمانایە و رابـەرەکانی توانـای چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان نەبوایـە، لـەم حاڵەتەدا، داوەری ئێمە چی بوو و یا ئەبوایە چی بوایە؟

ئایا بریتی نەبوو لەوەی کە رژێمـی سـەرکەوتوو حـەقترە چونکـە سـەرکەوتوتربووە؟ و رژێمـی ژێرکـەوتو، ناڕاسـتە، چونکـە سـەرکەوتو نـەبووە؟ ئایـا خـودی مارکسـیـەکان، هــەمان داوەریــان نەدەکرد؟ کەواتە چۆن چۆنیە کە هەنوکە، بەم داوەریە قایل نین و پاساوی جۆراوجۆردا ئەتاشـن؟ جەوهەری باسەکەمان ئەوەیە کە لەنێوان تیۆرێك و ئەو رژێمەی کە لەسەر ئـەو تیـۆرە دامـەزراوە، پەیوەندی هەیە یان نا؟

ئایا ئـەم پەیوەندیـە تەنـها لـە ساتەوەختی سـەرکەوتن پەسـەند دەکـرێ و لـەکاتی شکسـت خواردندا ناکرێ؟ یا لە هەموو شوێنێکدا ئەم پەیوەندیە بەرقەرارە؟ یـا بـە گوزارشـتێکی دی، ئایـا گەشەکردنی مێژوویی و کردەیی تیۆرێك پەیوەندیێکی بـەو تیـۆرەوە هەیـە یـان نیـەتی؟ ئایـا هـەر چارەنوسێك بۆ هەر تیۆر و رژێمێك وێنــادەکرێت؟ تـا کـەی ئـەتوانرێ بوتـرێ لـەنگی و نـارێکی لـە بەڕێوەبەران و پەیڕەوکاراندایە و خودی ئایدیۆلۆژیاکە بێخەوشە؟

ئەگەر بڵێـین رژێمی پراکتیکی هـەڵقوڵاوی رژێمێکی تیـۆری، هیـچ پەیوەندیـەکی بـەو رژێمـە تیۆریەوە نیەو چاکیو خراپـیو بـەئامانج گەیشـتنو نەگەیشـتنی بـەهیچ شـێوەیەك نـابێت لەسـەر رژێمی تیۆری حیساب بکرێت. لـەم حاڵەتـەدا بۆچـی ئـەبێ ئـەم رژێمـە بـەناوی ئـەو ئایدۆلۆژیایـەو مەزهەبەوە بلکێنین؟ بۆچی بڵێین رژێمی مارکسی؟ بۆچی بڵێین ژیاری ئیسلامی؟ بۆئەوەی داوێنــی ئایدیۆلۆژیاو مەزهـەبێك لەزشتیـیەکان بشۆینەوە ئایــا ئـەبێت تێغـی داوەری تیژکەینــەوە کــە جوانیـەکانیش سـەرببڕێت؟ و پـەیوەندی مەزهـەبو ئایدیۆلۆژیاکـان لەگـەڵ دەرەنجامـە جـوانو ناشیرینەکاندا بە تەواوی دابڕێت؟

ئەم جۆرە داوەریکردنە خۆی لەخۆیدا گرفتە. کەسانێك بێنو باوەڕ بەئایدیۆلۆژیایەك بێنن، لەپێناویدا بجەنگن، بکوژن و بکوژرێن، ژیانیان بکەنە قوربانی لەپێناویدا، کتێب گەلێك بنوسن، هونەری جۆراوجۆر بخولقێنن، هەموو هەوڵو تەقەلای خۆیان لەپێناو بەئەنجام گەیاندنی ئەودا بەخەرج بدەن، بەڵام کاتێك کە رژێمی بەرجەستەبووی باوەڕو کرداریان، جوان نەکەوێتەوە، بڵێن گرفت لەئێمەدا بووە نەك لەرژێمە تیۆریەکەدا؛ دواتریش بڵێن ئەسڵەن ئەم ئایدیۆلۆژیایە ئەزمون ناکرێ و بۆ هەڵسەنگاندنی ماهیەتی ئایدیۆلۆژیا، نابێت جێکەوتو دەرەنجامەکانی بەهەند بگرن. ئەم پاساوە جارێك یان دوجار پەسەند دەکرێ، بەڵام ئایا بەردەوام پەسەند دەکرێ؟

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم باسە زۆر قورس لەسەر عەقڵ دەکەوێتەوە، کارو تێکۆشانی پەیڕەو کارانی ئایدیۆلۆژیایەك بێ مانا دەکات. ئەمجۆرە بۆچونە، ئایدیۆلۆژیا لەچنگی ئەزمون رەها دەکات، بەڵام لەبەرابەردا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاو مێژوو و پراکتیکیشدا دەپچڕێنی، نەنگیەکان ئەسڕێتەوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا، شانازیەکانیشت لێدەسەنێتەوە. وەکو کەسێکی بێپارە کە دزەکان بێئومێد دەکات لەهەمان کاتدا بۆ هاوڕێکانی، هیچ خزمەتو پیاوەتیێکی لەدەست نایێت. سەرەڕای ئەوەی کەسانێك کەئەمجۆرە داوەریە دەکەن، چرکەیەك کە رژێمەکەیان جێکەوتێکی جوانی بەرجەستەکرد ئەوا ئەگەڕێننەوە بۆ ئایدیۆلۆژیاکەیانو بەتەنها لەکاتی شکستیەکاندا ئەم بۆچونە پەرگیریەیان لا دروست دەبێت. هەر ئەمەش ئەوە روندەکاتەوە کە لەناخەوە گەواهی لەسەر پەیوەندی نێوان (ئایدیۆلۆژیاو دەرەنجامەکانی) ئەدەن، گەرچی بەسەر زارەکی بانگهێشتی دابڕان بکەن.

خاڵێکی گرنگتر ئەمەیە کە ئەزمون ناپەسەندی یەکسانە بەپراکتیزەنەبوون. ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەك پراکتیزە کرا، مەیدانی پراکتیزەبوونی خودی مەیدانی تاقیکردنەوەیەتی، بەڵام لەحزەیەك ئایدیۆلۆژایەکمان لەبان ئەزمونەوە تەماشاکرد، پراکتیزەبونیشمان لێسەندوەتەوە، لێرەوە چ جای کۆشش بۆ جێگیرکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەیەو بە چ مانایێك ئەتوانرێ بوترێ کە ئەو ئایدیۆلۆژیایە هاتوە تا لە ژیانی پەیڕەوان یا لە کۆمەڵگای باوەڕداراندا رەنگ بداتەوە؟ ئەمە تیۆری یەکەم.

تیۆری دووەم، بریتیە لەوەی کە بە تەنها جوانیەکان و سەرکەوتنەکانی رژێمێك بدەینە پاڵ ئایدیۆلۆژیاو بەئاکام نەگەیشتنو لەنگیەکانی بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکیو دەستێوەردانی نەیارەکانی.

بەڵگەی هەوادارانی ئەم تیۆرە ئەمەیە کە بەردەوام پێدەچێت هەندێك بەد لە ئایدیۆلۆژیایەك حاڵی بنو خراپ پیادەی بکەن یا نەیارو دژمنەکانی دەبنە رێگر لەبەردەم بەتەواوی بەرجەستە بوونو پراکتیزە کردنیدا.

هەروەك چۆن ئەو مارکسیانەی پاش داڕوخانی یەکێتی شورەوی بەرگری لەمارکسیزم دەکەن، هەربەم شێوەیە بەڵگە دەهێننەوە یا سەرمادارى جیهانو هۆکارە ناوەکیەکان بەهۆکاری سەرەکی داڕوخانی لەقەڵەم دەدەنو یا خراپ پراکتیزەکردنی پیادەکەرانو دیموکراسی نەبوونی رژێم بەفاکتەری ئەسڵی دەزانن یا بارودۆخە جوگرافیو هۆکارە ژینگەییو سەرماو فروانی خاکو.. هەموو ئەمانە بەیەکەوە بەهۆکاری سەرەکی بەئاکام نەگەیشتنی بەرنامەکانیان دەزانن (کیانوری لە گفتوگۆیێکی دورودرێژدا لەگەڵ (کەیهانی هەوایی) لەمەڕ چارەنوسی شورەوی تیشکی خستبوە سەر ئەم فاکتەرانە).

با بزانین ئەمجۆرە بەرگریکردنو بەلگەهێنانەوە تا چ رادەیەك بەهاوسەنگینیان هەیە، بەلێ، هیچ کاتێك ناتوانرێ پیلانی پیلانگێڕانو دەستێوەردانی، ناحەزانو فێڵو ساختەی ساختەکارانو دوژمنایەتی دوژمنان پشت گوێ بخرێ، و هیچ کاتێك ناتوانرێ نکولی لەکاریگەری هۆکارە جوگرافیو ناوچەییو جیهانیەکان بکرێت. بەڵام بەگوزارشتی دانایان ئەمانە هەموویان لایەنی بکەرین(فاعلی)؛ ئەگەر ئامادەگی (قابلیە) لەئارادا نەبێت، ئەم بکەرانە هیچ کاریگەرییێکیان نابێت. بۆنمونە ئەگەر لەئایدیۆلۆژیای مارکسیزمدا زەمینەیەك بۆ پەیدابوونی دیکتاتۆری نەبوایە، هیچ کاتێك، ستالین نەیدەتوانی بەناوی ئەو ئایدیۆلۆژیایەوە، ئەو هەموو ناڕەحەتیو دەردیسەرییەی بهێنایەتەدیو بەوجۆرە دەسەڵاتی خراپ بەکار بهێنایە.

ئەگەر لەئایدیۆلۆژیایەکدا، زەمینەو ئامادەگی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات نەبێ، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەئاسانی دەستگیر نابێت. ئایدیۆلۆژیایەك کە بۆچونێکی روونی نەبێت بۆ رامکردنو کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، رێگا دەدات بە کەسێکی وەکو ستالین بەوپەڕی توندوتیژییەوە لەماوەیەکی کەمدا هەولێ بە سۆشیالیزەکردنی ناوچەکان بداتو لەسەر گومانێکی بێ بنەما، دۆستە دێرینەکانی لەناوبەرێتو لەگەڵ هیتلەردا سازش بکات، یاخود لەگەڵ فنلەندا دا بجەنگێتو یارانی ناو سوپاکەیشی لەمەقسەڵە بدات، لەگەڵ داپۆشینی هەموو ئەم تاوانانەدا خەڵکی بێئاگاو بێ گوناهیش وا لێبکات کەبەشانو باڵایدا هەڵبدەنو هاوارکەن (ئەی ئەو کەسەی کە بەهارمان بۆ دێنی...) پێدەچێت بەدحاڵی بوونو خراپ پراکتیزەکردن ئیشی نەزانانو دوژمنان بێت بەڵام هەندێجار ئایدیۆلۆژیایەك بەشێوەیێکە کەبەئاسانی رێگە بەدحاڵی بوونو بەد پیادەکردن ئەدات. تیۆرەکانی هێندە ناتەواو پێنەگەیشتوو پەرشو بڵاوە کە هەموو کەس دەتوانێ مەرامی خۆی تێدا بەدیبکات. ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایە ئەبێتە قوربانی پیلانگێڕان، تا ئایدیۆلۆژایەکی جێگیرو بەهێزو رێكوپێك، کە رێگا بەپیلانی دوژمنانی ناحەزو بەدحاڵی بوونی دۆستانی نەزان دەگرێت.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەك لەکاتی پراکتیزەکردندا، بەردەوام دەرەنجامو جێکەوتی خراپی لێبویەوە، ئایا نابێت ئەم دەرەنجامانە بدرێتە پاڵ ئەو ئایدیۆلۆژایەو ئایا ماقوڵە کە بەردەوام باس لەبەدحاڵی بوون یا ناحەزی ناحەزان بکەین؟ لەڕاستیدا، سودوەرگرتن لەجێکەوتە جوانەکانو پاساو هێنانەوە بۆ دەرەنجامە خراپەکان، لەکۆتاییدا دەچێتە بازنەی ئەزمون ناپەسندیەوە. تیۆرێك ئەزمون پەسەندە ئەگەر سود لەنمونە پۆزەتیڤەکان وەردەگرێت لەهەمان کاتیشدا زەرەر لەنمونە نێگەتیڤەکانیش ببات. سودوەرگرتن بەڵام هەڵهاتن لەزەرەرو زیان، ئازایەتیو زیرەکی دەگەیێنت بەڵام سەرکەوتن نیە لەتاقیکردنەوەدا. وە ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە دوژمنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە، ئەو هۆکارە دەرەکیانە بەهیچ دەزانن و هەموو نەنگیەکان دەدەنەپاڵ خودی ئایدیۆلۆژیاکە بۆ نمونە نافیتریبوونو ناکردەیی بوونی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بەهۆکاری سەرەکی داڕوخانی یەکێتی شورەوی دەزانن، ئەمەش هەر زیادەڕۆییە.

پشت بەستن بەلایەنە ئیجابیەکانو پاساوهێنانەوە بۆ نمونە سلبیەکان هەندێجار بەشێوەیەکیدی قسەی لەسەر دەکرێ، ئەڵێن ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەك بەشێوەیەکی تەواو، پیادەکرا، مافی ئەوەتان هەیە هەموو جوانیو ناشیرینیەکان بدەنە پاڵی بەڵام کاتێك تەواو پراکتیزە نەکراو بەئاکام نەگەیشتو هۆکارە دەرەکیو ناوەکیەکان رێگربوون لەبەردەم دەرکەوتنو جێگیربوونیدا، ئیدی چ جای رەخنەگرتنو توانج لێدان؟ ئەم مەسەلەیش دواجار بەرەو ئەزمون نا پەسەندی کەمەندەکێش دەکرێت. بۆچی لەناتەواو پیادەکردندا، جوانیەکان بدەینەپاڵ

ئایدیۆلۆژیاو خراپیەکانی نەدەینەپاڵ؟ بۆچی بەپێچەوانەوە هەڵوێست وەرنەگرین؟ بۆنە جوانیەکان و خراپیەکانیش لەسەر ئایدیۆلۆژیا حیساب نەکەین؟ ئەمە چ جیاکارییێکی بێ بنەمایە کەجوانیەکانی بدەینە پاڵو نەنگیەکانیش بەدەر لەو لەقەڵەم بدەین؟ بۆمان روون دەبێتەوە کەبەمجۆرە بەڵگەهێنانەوەیە تووشی جیاکارییێکی بێمانا دەبین، یا بەدەرەنجامێکی نەویستراو (نەنگی دانەپاڵ ئایدیۆلۆژیا) یا بەئەزمون ناپەسندی ئایدیۆلۆژیا دەگەین.

ئەمە پاساوێکی دروست نیە کەپێمان وابێ ئایدیۆلۆژیاکەمان چاکەو یاساکەمان دادپەروەرانەو مرۆڤانەیە بەڵام خەڵکی خراپ و بێباکنو مافپەروەرنین، لێرەدا نەنگیەکان لەخەڵکیەوە سەرچاوە دەگرنو جوانیەکانیش لەئایدیۆلۆژیاوە. یاسا بۆ خەڵکی دەنوسنو لەم یاسا نوسینەشدا دەبێت رەچاوی نەنگیو بێباکیو تەوەزەلیو بەدسود وەرگرتنو پێشێل کاری یاسایی خەڵکی بکرێت. یاسا بۆ پیاوچاکو فریشتەکان یا بۆ راهێنانی یاسانوسی نانوسن. رەوا نیە بڵێین یاساکەمان کاملە بەڵام خەڵکی ناتەواون. یاسایێك کە ناتەواوی خەڵکی بەهەند نەگرتبێ، خۆی ناتەواوە. ئەگەر خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەك نەزانێ مرۆڤ کێیەو لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکەیدا مامەڵەی چۆنەو لەئەرێو نەرێو مۆڵەتو یاساغکردنەکانی چ سودێك وەردەگرێت، ئایدیۆلۆژیایەکی نارێكو ناجێگیر بەرجەستە دەکات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نارێکیەك لەپراکتیکدا فۆرمەڵە بوو، ئەبێت سەرزەنشتی خۆی بکات نەك خەڵك. رێك وەك ئەو کەسەی کتێبێکی ئاڵۆزو داخراو بنوسێو دواتر گلەیی تێنەگەیشتنی خەڵکی بکات، دەبێت لۆمەی ئەو نوسەرە بکرێت بەوەی کە کتێب بۆ خوێنەرانە نەوەك خوێنەران بۆ کتێب، کتێبێك کە کەس تێی نەگات، کتێب نیە.

ئاشکرایە نە تیۆری یەکەمو نەتیۆری دووەم هیچکامیان شایانی ئەوە نین کە بەرگریان لێبکرێت. نەئەتوانرێ بەو سانابیە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئایدیۆلۆژیایەك بان ئەزمونەو پراکتیزە ناکرێتو نەئەتوانرێ بەهەوانتە، تەنها سەرکەوتنەکان بدرێنە پاڵ ئایدیۆلۆژیاو شکستەکانیش بخرێنە ئەستۆی دوژمنو نەیارەکانی.

لەحاڵەتێکدا (بەڵگە) لەئارادا نیە، دەبێت بەشوێن (هۆکار)دا بگەڕێین. دەبێت سەرنج بدرێ چیبوەتە هۆی ئەوەی کەسانێك بێهێزو سستو ناڕاست بەڵگەدۆزی (ئیستدلال) بکەن، بێگومان، هۆیەکەی، بەتەنها عاشق بونەو بەس. هیچ کاتێك لایەنگرانو پەیڕەوکارانو عاشقانی ئایدیۆلۆژیایەك ناتوانن رەخنەگرو پراکتیزەکەرێکی چاکی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بن. ئەزمون کردن پێویستی بەجۆرێك لەبێلایەنییێکی عەقڵانیانە هەیە کە لەباوەڕدارانو لایەنگراندا، بەدەگمەن نەبێ بونی نیە. مەولانای رۆمی کەعەقڵو عەشق لەبەرامبەر یەکترەوە دادەنێ بەئاشکرا ئەم جیاوازیە دەخاتەڕوو روونی دەکاتەوە کە عەقڵ، ئەزمونکەرەو لەسودو زیان دەکۆڵێتەوە بەڵام عەشق وانیە. گیانفیدایيو بێباکی عاشقانە، ئایا بوارێك بۆ بازرگانيو مامەڵە عەقڵانیەکان دەهێڵێتەوە؟

لا ابالی عشق باشد نی خرد　　　عقل ئێن جوید کز ئێن سودی برد

ترك تازو تن گرادزوبی حیا　　　در بلاچون سنگ زیر ئێسیا

نی خدارا امتحانی می کند　　　نی در سودو زیانی می زند(١)

امپنوی —دفتر ششم

ابیات

٧٤/٦٨/١٩٦٧

باوەڕداران، هێندە دڵخۆشن بە باوەڕەکەیانو هێنـدە مەسـتانە تێیدا نغرۆ بـوون، و ئـەوەندە یەقینیان بەڕاستیو جوانی و کەماڵیو بەرزی باوەڕەکەیان هەیە، کەنە تاقیکردنـەوەی بەپێویسـت دەزانن‌و نە جورئەتی ئەوەیان هەیـەو نـەرێگای ئـەوەش بـەخۆیان دەدەن کـە تاقیبکەنـەوە. ئـەو بەڵێنەی کە بەخۆشەویستەکەیان داوە، هیچ کات بەشایستەی نوێکردنـەوەو پێداچونـەوەی نـازانن لێرەوە، پاش باوەڕهێنان، لەتاقیکردنەوە رزگاریان بوە؛ و تاقیکردنەوە یان بەجێهێشتوە بۆ ئـەو کەسـانەی کـە لەعەشـق‌و بـاوەڕ بێبەشـن. هـەر لەبەرئەمـــەش ئەگــەر تەنــها خــاڵێکی نــەنگیش لەروخساری خۆشەویستەکەیاندا نـەتوانن بەدیکـەن، نـاکرێ گلـەییان لێبکرێـت. بـەڵام مەسـەلەی عەقیدە زۆر لەوە گرنگترە کە  تەنـها عاشـقان لەئەسـتۆی بگـرن نـاتوانرێ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری کۆمەڵگا لە (عاشقە بێ باکەکان) داوا بکرێ.

رند عالم سوزرا با مصلحت بینی چە کار
کار مكك است ئێن کە تدبیرو تأمل بایدش (٢)

بەڵام لێرەدا بەراستی مەسەلەی بەڕێوەبردن دێتەکایەوە کەپێویستی بەکاری عەقڵ‌و تێڕامانـە، و عاشقانی بێباك هیچیان لەدەست نایـە. لـێرەدا گـەرمی عەشـق، رێگـرە، سـاردی عـەقڵ گـەرمی بەخش ترە. کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژیەکان، ئەکرێ توشی بەڵاو ئافەتە جۆراوجۆرەکان بین کەڕاستەوخۆ سـەرچاوەکەی لەتایبەتمـەندی ئایدیۆلۆژیاکەیانەوەیە؛ و ئەمانـە تەنـها چـاوی شـیتەڵکاری عـەقڵ توانای بینینیانی هەیە نەك چاوی پیرۆزگەری عەشق. کاتێك  عاشقانە فەتوای ئەزمون ناپەسەندی ئایدیۆلۆژیایـەك ئـەدەین، واتـە فتـوای دابڕانـی نێـوان رژێمـی کۆمەڵایـەتیو ئایدیۆلۆژیـا، ئـەدەین تەنانـەت لەگـەڵ هەسـت کـردن بەئافەتـەکانیش، رێگـای لابردنیـان لـەخۆمان دەگریـن. دۆگمـایی، وەهمی کەماڵ بوون، زاڵی پیرۆزکاری بەسەرشیتەڵکاری، رەواجی ریاو خۆدەرخســتن‌و دووڕوویـیو بەردەوام بیرکردنەوە لەپیلانگێڕان، و بەئاسمانی زانینـی گشـت کاروبـارو رووداوەکـان (لەکۆمـەڵگا ئاینیـیەکاندا)، دوژمن داتاشین، زاڵی عەشق‌و سۆز بەسەر عەقڵ‌و تێڕامـاندا، دەمارگـیریو پـیرۆزی بەخشـین بەهـــەموو شـتەکان، رەواجـی خورافـەو، زاڵـی تـەقلید بەسـەر توێژینـەوەدا، زاڵــی خۆبەدەستەوەدان‌و بـێدەنگ بـوون بەسـەر رەخنـەگرتن‌و هاوشـێوەکانیان، بەشـێکن لـەئافاتی کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژیەکان. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا،  دۆگمـایی (هـەرزان‌و ئاسـان) جێگـای یـەقین (دەگمـەن و گـران) دەگرێتـەوە. مـافی عەشـق بەتـەواوی بەجەسـتە دەکرێـت بـەڵام مـافی عــەقڵ ناکرێت، پیاهـەڵدان‌و پـیرۆزکردنی کاربەدەسـتو دەسـەڵاتداران بـەزۆری هەسـت پێدەکرێـت بـەڵام شیکاری ووتە و کردەوەکانیان کەمتر، بەزۆری باس لە پیلان‌و دەستێوەردانی دوژمنە وەهمیـەکان دەکرێ بـەڵام بەدەگمـەن ئامـاژە بەناتـەواویو کەموکورتیـەکان دەکـرێ، مرۆڤـە بێهەڵوێسـتەکان لەمرۆڤە رەخنەگرەکان، رێزدارتردەبن، تەقلیدکارەکان واتە ئەو کەسانەی کە ووتەی دەسەڵاتداران دوبارە دەکەنەوەو پیایدا هەڵئەدەن، لەلێکۆڵەرەوە سەربەخۆیەکان لەپێش ترن‌و... هیچ یەك لـەم بـەڵاو ئافەتانـە دەرەنجـامی پیلانـی بێگانـە نیـە بـەڵکو دەرەنجــامی راســتەوخۆی رژێمـە ئایدیۆلۆژیەکانـەو ئەگـەر عاقڵانـەو بەووریاییـــەوە بـەرگرییان لێنـەکرێت، کـەفو کوڵـی عەشـق تینەکەیان تیژترو سوتێنەتر دەکات. رژێمی مارکسی شورەوی بەهەمان ئەندازەی رژێمی ئیسـلامی ئێران ئامادەگی تووش بوونی ئـەم ئافاتانـەی هـەبوو لـەم روەوە ئاسمـانی بوونـی ئـاین‌و زەمینـی بوونی مارکسیزم، نەبوویە هۆی دروست کردنی جیاوازیەك لەنێوانیاندا. مارکسـیەکانیش ریاکـاریو

دۆگماییو.. یان لەتیۆردا بەرەوانە دەبینی، بەڵام لەپراکتیکدا تێـوە گلان. ئایدیۆلۆژیـا، ئاسمـانی بێـت یـان زەمینـی، دواجـار، مێشـکی مرۆڤـەکان هـەوڵی لـێ تێگەیشتنی دەداتو هــەر ئــەوانیش پراکتیزەی دەکەن، و هەر ئەم زەمینی بوونەشە کە هێندە ئافەتی لێدەکەوێتەوە. (١)

تیۆری سێیەمیش هەر لەمجۆرەیە. واتە سەرچاوەکەی هەر لەسۆز (و لێرەدا، نەفرەت)ەوەیـەو دواجار سەر بەرەو ئەزمون ناپەسەندی ئەکێشێ. ئەم تیۆریە پێی وایـە تەنـها نەنگیـەکان ئـەکرێت بدرێنە پاڵ ئایدۆلۆژیا. برتراند راسل، پێدەچێ تەنها جوانیەك کە لەئاینەکاندا بینی بووی ئەوە بوو کـە گرنگـیدان بەکاتـەکانی نوێـژو پەرسـتش، بۆیـە هـۆی سـەرنجدان لـەئاسمانو سـەرەنجام پێشـکەوتنی زانسـتی فەلـەکی لێکەوتـەوە، و ئـاندووایت (Andrew white) لـەکتێبی دژایـەتی زانسـتو سوسـیۆلۆژی، کڵێسـای بـەخوێنرێژترین دەزگـای سـەرزەمین ناسـاند. ئـەم تێڕوانینـە دوژمنکارانەو ناحەزانەیە، رەخنەگرانەیە بەڵام لەهەمان کاتدا بێوێژدانانەشـە. هـەندێجار لـەنێوان ئێمەشدا سەبارەت بەمارکسیزم و لیبرالیزم هەمانجۆر داوەریکردن بوونی هەیە، هیـچ جوانیـەکیان تیادا نابینینو لەهەمان کاتدا، نەنگی و کەم و کورتی دوژمنانیشیان دەدەینە پاڵ ئەمان.

تیۆری چـوارەم: ئـاڵۆزترەو لەمـەڕ ئـەزمونی ئایدیۆلۆژیـا وە وردبینییێکـی زیـاتری تیـادا بـەدی دەکرێت. پێیوایـە سـەرەتا دەبێـت لـەڕووی تیۆریـەوە بـاس لەبـەهێزیو ئینسـیجامی نـاوەکی ئایدیۆلۆژیا بکرێ. ئەگەر لـەم لێکۆڵینـەوە تیۆریـەدا، بۆشـایێك لـەناویدا بـەدیکرا، مـافی خۆمانـە کەشکستو نەنگیە کرداریەکان بدەینە پاڵیو ئەگەر وانەبوو، مافی ئەوەمان نیـە. ئایدیۆلۆژیایـەك کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، لاوازیو کەم و کورتی پێوە نەبینرا، ستەمە ئەگـەر بـە بێهێزو شکسـت خواردوی تاوانبار بکەین لێرەوەیـە کـە دەبێـت بگـەڕێین بەشـوێن فاکتـەرە دەرەکیـەکانو پیلانـی دوژمناندا، نەیارانی مارکسیزم، ساڵانێك پێش لەشکستی رژێمی شورەوی، نەنگیە وێرانکەریـەکانی ئەویان خستبویەڕوو، و شکستخواردنی مەسەلەیێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، و لێرەشـەوە هۆکـاری ئەوەی کەهەنوکە دەتوانرێت داڕوخانی ئەو رژێمە بدرێتـە پـاڵ ئـەو ئایدیۆلۆژیایەی کەپشـتیوانو دامەزرێنەری ئەو بوو. لیبراڵیزمیش بەهــەمان شـێوەیە، ئـەتوانین لـەڕوی لۆژیکیـەوە ئـەوە بدەیـن بەدەسـتەوە ئاوەهـا ئایدیۆلۆژیایـەك چ دەرەنجـامێکی دەرەکـی لـێدەکەوێتەوە چرکەیـەك ئـەو دەرەنجامە (باش یان خراپ) بەدەرکەوت، پێویستە بێڕارایی بیدەینەپاڵی. کەواتە هەڵسەنگاندنی رووتو لەپێشـی لێکۆڵینـەوەی تیۆریانـەی ئایدیۆلۆژیایـەك بێسـودە، بـەردەوام بـوار دەدات بەنەیارانو دۆستانیش کەهەندێجار پاساو بەپلانی دوژمنانو هـەندێجاریش بـەخراپ تێگەیشـتنو پراکتیزەکردنی لایەنگرانو موریدەکانی بهێننەوە یا هەموو ناتەواویو لەنگیەکانی بخەنە ئەسـتۆی ئایدیۆلۆژیـاو دوژمنـان تاوانبـار نەکـەن. هەڵسـەنگاندنو ئـەزمونی پشـت بەسـتوو بەشیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا، دەبێتە رێگری دروستبوونی داوەری نادروست.

چرکەیەك دەمانەوێت جێکەوتو دەرەنجامێك بدەینەپاڵ ئایدیۆلۆژیایەك، ئایا نابێت بزانین ئـەو ئایدیۆلۆژیایە رەزامەندی لەسەر ئەو کارە هەیە یان نا؟ گریمان کە لەنێوان نەتەوەکەیدا، بەرتیل یا درۆ یازینا یا پیاهەڵدان یا تەڵەکەبازی یا ستەم پەسەندی زۆر بەربڵاوبوو، ئایا تەنها بە بەربڵاویان، ئەتوانرێ بخرێنە ئەستۆی ئایدیۆلۆژیا؟ ئەگەر ئاینو ئایدیۆلۆژیای ئەو نەتەوەیە، رێگایشی نەدابێت بەدرۆو تەڵەکەبازیو ستەمکاریو ستەم پەسەندی، هەمدیس ئەم نەنگیانە ماڵن لەسەری؟ و ئەگەر شکستێك هاتە ئاراوە، گلەیی ئەم شکستە رووبەڕووی ئایدیۆلۆژیا دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەمانە، ئایا هەرشتێك بەناوی ئایدیۆلۆژیایەكو لەژێر سێبەری ئەودا بكرێ، ئـەو لێـی بەرپرسیارە؟ لەمێژووی ئیسلامدا، معاویەو حەجاجەكان كـاری زۆریـان كـردوە كـە ڕۆحـی ئیسـلام لێیـان بـێزارە، ئایا ئـەم كارانـەش هـەر دەبێت بدرێنـە پـاڵ ئـەو ئایدیۆلۆژایـە؟ ئایـا مێـژووی ئادیۆلۆژیایەك، خودی ئـەو ئایدیۆلۆژیایەیـە؟ ئایا لـەكوێو بـەچ پێودانگێـك ئـەتوانرێ بوتـرێ كـە ئایدیۆلۆژیایەك بەتەواوی پراكتیزەكراوە یان نەكراوە؟

لەم ڕووەوە، داڕوخـانی موسـڵمانانو لەپـەراوێزی مێـژوودا مانـەوە یـانو وەك پێویسـت ئامـادە نەبوونیان لـە شارستـانی نوێدا، نـاتوانین بـە بەشـێك لـەمێژوی ئیسـلامی بزانـین، بـەڵكو بەشـێكە لەمێژووی ناموسڵمانی موسڵمانان. ئەگەر لەناوەندی ئایدیۆلۆژیـاوە سـەیر بكـەین، و جـەختی ئـەم ئایدیۆلۆژایـە لەسـەر عەقلانیـەتو زانستو ئیجتیـهادو سودوەرگرتن لـە سروشتو زانـین، ئـەوە پەسـەند دەكـەین كـە ئـەو ڕوداوە مێژووییانـەی كـە بەسـەر موسـوڵماناندا هـات، خـوازراوی ئایدیۆلۆژیەكـەیان نیـە، بـەڵكو دەرەنجامی بەدتێگەیشتنی ناحاڵیـانو بەدویسـتی خراپـەكارانو ستەمی ستەمكارانو داگیركەران بوو. ئـەو هـاوارەی (ئیقبـالی لا هـوری) ئـەیكرد، كـە لەئیسـلامدا (سروشت) زانستی سروشتی ناموقەدەسو ناشیرین نیە، وە ئەو هاوارەی كە شـەریعەتی دەیكـرد، كەنابێت لەخوێنی حسەین تلیاكی بێهۆشكەر دروست كرێو ئەو ناڵەیـەی كـە غـەزالی دەیكـرد كـە فقه هەموو شتێكی ئیسلام نیەو ئەو هەوڵەی كە سەدرەدینی شیرازی دای تا عەقڵ لەگەڵ شـەرعدا بسـازێنێ، هـەموویان ئـەوە دەسـەلمێنن كـە مووسـڵمانان بـەرە بـەرە لـە ئایدیۆلۆژیاكـەیان دووركەوتونەتەوەو باجی ئەم دووركەوتنەوەیەشیان بینیوە.

ئەم تیۆرییەیە كە لەچەند ڕوییەكەوە پێكاویەتی، دوو هەڵەی تیـادا دەبینـرێت، یەكـەمیان: ئـەم مەسەلەیە فـەرامۆش دەكـات كـە بـەردەوام تێگەیشتنێك لـەئایدیۆلۆژیا زاڵـەو هـەمان تێگەیشـتن، دەرەنجام و پێداویستی خۆی دینێتە ئاراوە.

لەناو ئایدیۆلۆژیاوە سەیركردن، كە ئەم تیۆریـە بانگەشـەی بـۆ دەكـات، لەڕاستیدا شـتێك نیـە جگەلە بە پێوەرزانینـی تێگەیشـتنی خـۆو داوەریكـردن لەسـەر تێگەیشـتنی ئـەوانیدی بەهـەمان پێودانگ، پەسەندكردنی هەندێكیانو ڕەتكردنەوەی هـەندێكیان. ئەمـە كـارێكی كەلامیـە (زانسـتی كـەلام) نـەك مێژوویی، (وەك بلـێی لەداوەریكردنـە مێژووییـەكاندا، كـەلام بەهـەند نـەگیرێت) و نووسینی مێـژووە، بـەپێی بـاوەڕی خـۆی. بـەڵام نـاتوانرێ مێـژووی موسـڵمانان بـەمێژووی ناموسڵمانان لەقەڵەم بدرێو یا هەر شتێك لەگەڵ باوەڕی ئێمەدا ناگونجێت لێیدەركەینو یا نكـوڵی بكرێت لە پەیوەندی ئەم مێژوە لەگەڵ ئەسڵی ئیسلامدا. ماركسیزمو مەسیحیەتو هاوشێوەكانیان هـەمان بڕیـار دەیانگرێتـەوە. لـەدیدگای شیعەوە، مێـژووی سـونیەكان، مێـژووی ئیسـلام نیـەو لـەدیدگای سونیەكانیشـەوە، مێـژووی شیعەكان، مێـژووی ئیسلام نیـە. دواجـار دەگەینـە ئـەو دەرەنجامەی كە ئەسـڵەن نەئیسـلامێكمان هەیـەو نـە مێژوویـەكی ئیسلامیش! ئـەوەی ڕاستیـبێ مێژووی ئیسلام مێژووی سونیو شیعەكانیشە، و شیعەكان لەڕووی مێژووییەوە بەهەمان ئـەندازەی سونیەكان موسڵمانن (ئەگەرچی لەڕووی كەلامیەوە (زانستی كەلام) بڕیارەكانیان شتێكیتر بێـت)، شیعە بوون جۆرە تێگەیشتنێكە لەئیسلامو سونی بوونیش تێگەیشتنێكی تـرە لێـی. وە بـەردەوام ئەم تێگەیشتنانەنش لـەمێژودا پـەیدا دەبـن، مێـژووی ئـاینیش، مێـژووی بەدەركـەوتنی كردەیـیو دەرەكی هـەمان ئـەو تێگەیشتنانەیە. داوەریكردن لەسـەر تێگەیشـتنی ڕاسـتو نـاكۆك بـوون لەسەری: الف – كارێكی كەلامیە و (زانستی كەلام).

ب—مەسەلەیەکە پەیوەندیدارە بەناوەوەی مێژووی ئاینەوە نەک لەدەرەوەی ئەو مێژووەوە.

دووەم: ئەو تیۆریە گەڕانەوە بۆ خـودی ئایدیۆلۆژیـاو شـیکردنەوەی تیۆریانـە، بەتەنـها ڕێگـا و چاکترین ڕێگای ناسینی ئایدیۆلۆژیا دەزانی و بێگومـان ئەمـەش هەڵەیـە. هـەندێجار سـەیرکردنی بەرجەستەبوونی مێژووییانەی ئایدیۆلۆژیا، کارئاسانی بۆ لێکۆڵەر دەکات تـا بتوانـی هـەندێك گرێ بکاتـە کـە بـەهیچ شـێوازێکی دیکـە بـۆی ئـەنجام نـادرێت. تیـۆرو ئایدیۆلۆژیـەکان، کۆمەڵـە پێداویستیێکیان هەیە کە تەنها لەمەیدانی پراکتیزەکردندا بەرجەستە دەبن. نـهێنی ئـەم مەسـەلەیە لەوەدایە کەلەکاتی پراکتیزەکردندا، ئایدیۆلۆژیاکان لەگەڵ تایبەتمەندی مرۆڤەکانو دەوروبەر بـارو زروفی کۆمەڵگاکاندا ئاوێتە دەبن، و ئەم ئاوێتە بوونەش نەوەیەك دینێتە کایەوە کە بەتەنها لەگەڵ بنـەماکانی ئایدیۆلۆژیـادا نایێتـەوە. روانـین لەبانگهێشتـەکانی ئایدیۆلۆژیـاو بەگـەورە زانینـی بـەها بـەرزەکانی، بـەهیچ شـێوەیەك نابێتـە پێـوەری سـەرەکی بـۆ سـەرکەوتوویی‌و سـەرنەکەوتوویی پراکتیکیانەی ئایدیۆلۆژیا.

لەوانەیە ئایدیۆلۆژیایەك ڕێگری لەبەرتیل بکات بەڵام لـەئاڵو گـۆڕە ئـابوری‌و کۆمەڵایەتیـەکاندا زەمینەیەکی وا بێنێتە ئاراوە کە خەڵکی ڕێگاچارەیـەك نـەبینن جگـە لەبـەرتیل بەخشـین‌و بـەرتیل وەرگرتـن. لەوانەیـە ڕێگریـان بکـات لـەگوناه کـردن، بـەڵام بازنـەی نـەرێکان هێنـد فـراوان بکـات‌و پێڕستی گوناهەکان هێندە درێـژ بکاتـەوە کەپـەیڕەوکاران بـەناچاری بکەونـە گوناهـەوە پێدەچێ ڕێگری لەزمان لوسی بکات، بەڵام دەسەڵات ئەوەندە لەشوێنێك‌و لەکەسێکدا کۆبکاتەوە کـە ناچـار زمان لوسان لەدەرویدا کۆببنەوە، جگە لە کەمێك لەووردبین‌و بیرمـەندان، کـەم کەسـێك دەیتوانـی دەرك بەوە بکات کە ڕژێمی مارکسی ڕژێمێکی دیکتاتۆر پەروەرە، و دەوڵـەت تیـایدا دەسـەڵاتێکی ڕەهای دەبێت‌و حیزب دەبێتە چینێکی نوێ. کە هەموو بەرژەوەندیـەکانی بـۆ خـۆی دەچنێتـەوەو ئەو پرۆلیتاریایەی کە بڕیاربوو جێگای ڕێزو باڵا دەست بن، بوونـە یەکـەمین قوربـانی ئـەو. ئەمانـە هەموویان لەپراکتیکدا ئاشکرا بوو و هەموو لایەکی لەجەوهەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە بانگهێشـتی فەراهەمکردنی مێژوویەکی نوێی بۆ مرۆڤ دەکرد، ئاگادار کردەوە. زانست‌و فەلسەفەو زمان‌و ئاین، لەمێژووداجوانتر خۆیان خستوەتەڕوو تا لەلۆژیك‌و تێکستدا.

ناسینی ئایدیۆلۆژیا لەڕێگای پراکتیکەوە دەبێتـە تەواوکـەری ناسـینی تیۆریانـەی ئایدیۆلۆژیا. پێش وەخت بەتەواوی نـاتوانرێ بزانـرێ لـەبێباوەڕی بەغـەیب یا بـاوەڕبوون بەقـەزاو قـەدەرو یا قوربانی‌کردنی مرۆڤ‌و بەئازاد لەقەڵـەم دانـی‌و، یـا بـاوەڕبوون بـەدیالکتێکی هیگلـی‌و ماتریـالیزمی مێژوویی، چ دەرەنجامێکی لەسەر ئاستی تاك‌و کۆمەڵ لێدەکەوێتەوەو لـەژێر سـێبەریاندا، خـەڵك‌و دەسـەڵاتداران چ جـۆرە پـەیوەندێك لـەنێوانیاندا دروسـت دەبێـت، تێگەیشـتن‌و بەرجەسـتـەبوون‌و دەرکەوتنی ئەمانە هەموویان لەمێژوودا روون دەبێتەوە. تێگەیشتنی ئـاینی هیـچ کـات کـامڵ نیـە. بوونـی ئـاین لەباردوخـە مێژووییـە جیاوازەکـانداو ئامـادەبوونی لەتەنیشـت مەعریفەتـەکانی تـردا، کرۆك‌و ناوەوەی ئاشکراترو تێگەیشتنی ئاین لەکەماڵ نزیکتر دەکاتەوە.

سێهەم: هەموو ناوەڕۆك‌و مەغزای ئایدیۆلۆژیایەك مەسەلە گەلێکی فەلسەفی‌و عەقڵی رووت نیـە، بەشێکیان لایەنێکی کرداری‌و ئەزمونی روتیان هەیە بۆ نمونە یاسـاکانی مـاف‌و فقـەو شـێوازەکانی سزادان‌و ڕێسا ئابوریەکان) کە بەتەنها لەپراکتیکدا دەتوانرێـت توانـایی‌و لاوازیـان ئاشـکرا بکرێـت. سـەرئەنجام تیـۆری چـوارەم کەئێمـە بەرەوشـیکارێکی تیۆریانـەی ئایدیۆلۆژیـاو روانینێکـی پشـت بەستو بەلێتوێژینەوە کەمەندەکێش دەکات، هەڵگری تەرحێکی جوانـە. بـەڵام ئـەم تەرحـە جوانـە

ئەگەر لەگەڵ ئەم دیدگا هەڵەدا تێهەڵکێش بکرێت، کە شیکاری کەلامی (زانستی کـەلام) نـەبینین‌و لەناسینی ئایدیۆلۆژیادا خۆمان (مەحروم بکەین لە تێڕوانینی مێژووییانە، دەرەنجام گـەلێکی تـاڵ‌و کوشندەی لێدەکەوێتەوەو ئەگەر باش سەرنج بدەین، گشتی بوونی ئەزمون بەتاڵ دەکاتەوەو ئاین و مێژووی ئاین بەژمارەی زەوق‌و سەلیقەو هەواردایەکان فراوان دەکات. خودی کردنەوەی ئـەزمون یەکسانە بەئەستەم زانینی.

تیۆری پێنجەم کە باوەڕی وایە ئایدیۆلۆژیاکان ئەزمون پەسەندن‌و، مێژوو مەیدانی ئەزمونیانەو شکسـت‌و سـەرکەوتن‌و خـواری‌و راسـتی رژێـمـە لەسـەر بنیاتنراوەکانیـــان، دەرەنجـامی ئـەوان‌و لەسـەرئەوان حیسـاب دەکرێـن‌و مێـژووی هـــەر ئایدیۆلۆژیایـــەك، کـەم تـا زۆرێـك ئاوێنــەی ئـەو ئایدیۆلۆژایەیەو بەهـەمان ئـەندازە کـە لـە کـەلام (زانسـتی کـــەلام) و بنــەماکانی ئایدیۆلۆژیایــەك دەتوانرێ، سەبارەت بــەو ئایدیۆلۆژیایەیـە زانیـاری وەرگـیرێ دەتوانـرێ لەمێژوویشـی وەربگـیرێ. بەڵکو هەردووکیان لەمامەڵـەو گفتوگۆ لەگـەڵ یـەکتریدا، وێنەیـەکی شـیاوتر دەدەن بەدەسـتەوە. ئەگـەر تـێڕوانینی عاشـقانە بەشـێوەیەکی کـاتی بخەینـە لاوەو ئەگـــەر تەسـلیمی ئـەوەش ببـین کەلەنێوان مێژووی ئایدیۆلۆژایەك‌و خودی ئەو ئایدیۆلۆژایەیەدا، دوجۆر پـەیوەندی زیاتر، بوونیـان نیە، کەبریتین لەجۆری پەیوەندیداری‌و جۆری دابڕان. وە ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کەقایل بوون بەدابڕان (بەهەر بەڵگەو پاساوێك) عەقڵ رازی ناکات، ناچار دەبین کە بڕیـار لەسـەر پـەیوەندیداری بدەین، و دان بنێین بـەبڕیاری عـەقڵ دا، کـە رژێمێـك لـەژێر سـێبەری ئایدیۆلۆژیایـەك دا دەڕوێـت‌و گەشـە دەکـات، نـەنگی‌و شـانازی‌و لێژبوونـەوەو هەڵسانەوەو کـەماڵ‌و ناتـــەواوی خــۆی لـــەوەوە وەردەگرێ. بەڵێ لەحاڵەتێکدا دەتوانـین خۆمـان لـەم بڕیـارە (سـەبارەت بـە ئاینیـەکان) لادەیـن. ئەویش بەوەی کە بڕیارەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینی بەتەنها بەپەرستش لەقەڵەمی بدەین‌و بـەهیچ شێوەیەك بەچارەسەرکەری گرفتەکانی ژیانی نـەزانین، واتـە بڵێـین بـۆ نموونـە دانـی زەکـات، بـۆ نەهێشتنی هەژاری کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو بە تەنها پەرستشێکە بۆ رەتاندنی خۆشەویستی سامانە لەدڵدا، و بڕینی دەستی دز، بۆ نەهێشتنی دزی نیە، بەڵکو بەتـەنها سـزاییێکە بـۆ خـودی دزەکـە، و جیهادو بەرگری بۆ شکاندنی دوژمن فراوانترکردنی دەسەڵاتی ئیسلام نیە، بەڵکو بەتەنها کارێکە بۆ گەیشتن بەپلەی شەهادەت‌و هەروەها بەم شێوەیە. بەڵام ئەگـەر ئـەواند بەشـێوازگەلێك بزانـین بـۆ چارەسـەری گرفتـەکانی ژیـان، لـەم حاڵـەتـەدا، تەنـها بەشـێوەی تاقیکردنـەوە یـا گەڕانەوەیـە بـۆ مێژووی موسڵمانان کە ئەتوانین، توانایی یا نەتواناییان بۆ گەیشتن بەئامانج دەست نیشان بکەین. وە نـە تەنــها بڕیــارە کردەییــەکان بـــەڵکو بنـــەما ســـەرەکیەکانی ئایدیۆلۆژیـــاش بـــۆ داڕشـــتنی کۆمەڵگایەکی ئاوەدان‌و بەختەوەر، بخەینە بەر ئەزمون‌و لێکۆڵینەوە. ئەم تیۆریە، وێنــەی عەشـق، لەسەرەتاوە ئاسان دێت بەدەستەوە لەدواییدا گرفتەکان سەرهەڵئەدەن. گرنگـترینی گرفتـەکانیش ئەوەیـە کـە چـۆن ئـەتوانرێ حکومـەتی ئەمەویـەکان‌و عەباسیەکان (لـەدیدگای شیعەکانەوە) بـە بەشێك لەمێژووی ئیسلام بزانرێ یاخود ئیستعمارو فاشـیزم (لـەدیدگای لیبراڵەکانـەوە) بـە بەشـێك لـەمێژووی لیـبرالیزم لەقەڵـەم بـدرێ؟ و یـا چـین‌و یوگوسـلافیا (لـەدیدگای رابـەرانی سـۆڤیەتی پێشووەوە) بەئۆردوگای کۆمۆنیزم بزانرێ؟ ئەم گرفتە لێرەوە سەرهەڵدەدات کەمێژووی راڤە نەکراو لەگەڵ ئایدیۆلۆژایەکی راڤە نەکراودا بەرامبەر دابنێین هیـچ ئایدیۆلۆژیایـەك لـەمێژوودا خـۆی بەرجەسـتە ناکات. بـەردەوام تێگەیشـتنێك (یا چـەند تێگەیشـتنێك) لـەو بەرجەسـتە دەبـن‌و رووداوەکان دەخولقێنن. لەم رووەوە مێژوی ئیسلام یاخود مارکسیزم، مێژووی ئـەو خوێندنەوانەیـە

کە بۆ ئیسلامو مارکسیزم کراوەو بێگومان ئەم خوێندنەوانە وەك بەرجەستەکەری کرداری کەوتونەتەوەو ئەزمون کراون. ئەو هەوڵانەی کە بۆ راستکردنەوەی ئەم خوێندنەوانە دراوەو ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان باڵە جیاوازەکاندا دروست بووە، هەمووی بەشێکە لەمێژووی ئایدیۆلۆژیا، لەشیکاری مێژووی ئایدیۆلۆژیادا، هەموو ئەوانە پێویستە لەبەرچاو بگیرێنو هەموشیان بەهەند بگیرێن، خوێندنەوە هەڵەکانو سودوەرگرتنە ناڕەواکانیش کە باوەڕدارانەو دڵسۆزانە ئەنجام دراون، زەرەیێك لەمێژوویی بوونو ئایدیۆلۆژی بونیان کەم ناکاتەوە. ئەوانە هەموویان نوێنەری ئامادەگیەکانی ئایدیۆلۆژیان. ئینگلس، بلوخ، بتلهایم، برنشتاین، لۆکاچ، مەندل، ئالتوسێر، دۆمان، ماو و لینین تانو پۆی مارکسیزمنو شیعەو خەواریجو ئەشعەریەکانو موعتەزیلەو ئەمەویەکانو عەباسیەکانو... هەموویان رووە جیاوازە سیاسیو فیکریەکانی مێژوویەکن. ئەگەر یەکێکیان روویێکی بێت، دژەکەشی رووەکەی تریەتی. وە هیچ کامیان بەتەنها ناتوانن کارایێکی لەبەرچاو لەسەر مێژوی ئاینو ئایدیۆلۆژیا بدەنە پاڵ خۆیان. شیکاری مێژووی ئایدیۆلۆژیا، کە لەسەر هەموو ئەم دژانە دامەزراوەو لەسەرو هەموو کەسەکانەوەیە، و رونکەرەوەی روحو رەوتی هەموەکی مێژووە، هەر ئەوەیە کە بەکەڵکی دادوەریو ئەزمونکردن دێتو هەر ئەمەشە کە پەیوەندیەکەی لەگەڵ تێگەیشتنی زۆرینەو باو لەئایدیۆلۆژیا ناتوانرێ نکولی لێ بکرێت.

دەبێت لەگەڵ ئەم گومانەدا بجەنگین کە ئەگەر مەسیحیەت یا مارکسیزم یا ئیسلام یا لیبرالیزم لەشوێنێکی تر دەرکەوتنایەو بکەوتنایە دەست کەسانی دی، مێژوو بەتەواوی جیاواز دەکەوتەوە، ئەم گومانە، ئامادەگی و توانایيە ناوەکەیکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بەهیچ لەقەڵەم دەدات، و جڵەوی گۆڕانکاریو بەڕێوەبردن بەتەواوی دەداتە دەست رێکەوت، کاروباری لاوەکیو یا بەدویستی بەدویستان. بەڵێ بەدویستی بەدویستان یا روداوە مێژووییەکان هیچ کات نکولیان لێناکرێت، بەڵام نابێت ئەوان بەئەنجامدەرو دروستکەری هەموو گۆڕانکاریەکان دابنرێن، ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان تەیارە جۆراوجۆرەکانی شەریعەتی ئیسلامو مەسیحیەتدا سەریان هەڵداو خراپ سود وەرگرتن لێیان، دەرەنجامی ویستی مرۆڤو رێساکانی ئەم شەریعەتانە بووە. هەروەك چۆن، ئەگەر بەپێی گریمانێکی ئەستەم، بۆ نموونە، مێژووی رابردوی ئیسلام بسڕینەوەو لەسەرەتاوە قورئانو سونە بخرێتە ئیختیاری موسڵمانانەوە، بەبێ گومان، دووبارە تەیارە جیاوازەکان سەر هەڵئەدەنو راڤە گەلێکی جیاواز لەدەوری قورئانو فەرمودە کۆدەبێتەوەو ناکۆکیەکانو بەرابەریەکان دەگەنە تروپك، و ئەم ناکۆکیانە هەندێجار دەمامکی سیاسی دەپۆشن، و لەم نێوانەشدا ناحەزانو دوروپیانو هەلپەرستانیش بواری دەرکەوتنیان بۆ دەرەخسێ، و پارێزکاریو پاکیو ناپاکیو گوناه و گوێڕایەڵیو سەرپێچیو لادانو ئاین فرۆشیەکان رەونەقو بایەخیان دەبێتو شارستانیەتێکی ئیسلامی هاوشێوە دێتە ئاراوە مێژوو و رێك وەکو خۆی دوبارە نابێتەوە، بەڵام ئەگەر قورئانو سوننە هەر ئەوانەبن کە بوونو ئەگەر مرۆڤەکان هەر ئەوانە بن کەهەن، چاوەڕوانی مێژوویەك کە لەجەوهەردا جیاوازی هەبێت لەگەڵ مێژووی رابوردودا، چاوەڕوانیەکی بێهودە دەبێت، مەگەر ئەوەی کە بەهەڵە وابزانین، مرۆڤەکان لەجەوهەردا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو جیهان رەنگو بونێکی تری گرتوە. کۆی (شەریعەت + مرۆڤ) کەم تازۆر رەوتێکی سروشتی خۆی هەبوە، و ئەگەر دووبارە بکەوێتەوە گەر بەگشتی لەهەمان رێگاوە تێدەپەڕێ. (سروشتی) بینینی مێژوی ئاین کلیلی چارەسەری گرفتە، جیاوازیەکان، جەنگەکان، خوێندنەوە هەڵەکان ناخرێتە ئەستۆی مێژووی ئایدیۆلۆژیایێکەوە بەڵکو دەرەنجامی

سورشتی ئـەون. هـەموویا زۆرینـەی بـاوەڕداران‌و پـەیڕوانی ئایدیۆلۆژیایـەك نـابێت بـەفریو خـواردو یاخیانـەتکرار بزانـرێ کـە بەئەنقەسـت شـێواندویانە یـا نەزانانـە خــراپ تێیگەیشــتون، ئــەمجۆرە وێناکردنە لەمێژوو پێچەوانەو بەدحاڵی بوونە. لەبریدا، دەبێت پشکی خراپەکاران‌و ناحــەزان کـەم بکرێتەوەو کاروبار بدرێتە دەست راسـت گۆیـان‌و دڵسۆزان؛ ئەمـە تەنانـەت لەگـەڵ دەقـی ئـاینی‌و سۆزی پـەروەردگاریش دا یەك ناگرێتەوە کـە ئاینەکـەی بسـپێرێتە دەسـت شـێوێنەران‌و بـەندەکان لەگومڕاییدا بهێڵێتەوەو خەڵکێکی زۆر لەکەناری ئاودا بەتینوێتی بمێننەوە.

بەرجەسـتەبوونی ئایدیۆلۆژیایـەك وێنـەی بەرجەسـتەبوونی زەمـانێك، دۆخێکـی تایبـەتی دێنێتـە کایـەوەو بوارێکـی وا فەراهـەم دێنـێ، کـەتیایدا جوانـی‌و ناشــیرینی توانــای پێگەیشـتن‌و بــواری دەرکەوتنیان بۆ دەڕەخسێ. لەگەڵ بەرجەستەبوونی زمانی فارسیدا، هەروەك چۆن پانتاییـەك بـۆ شیعرو غەزەلە نایابەکانی مەولەوی و سەعدی دروست دەبێ، بەهــەمان شـێوەش بـوار بـۆ شـیعرە رووت‌و زەقەکانی (سوزەنی سەمەرقەندی‌و ئیرەجی میرزا) دروست دەبێت. بەهاتنە ئارای پارەش، هەروەك چۆن بوار بۆ خێرۆمــەندی‌و چاکـەکاری‌و ئـاڵ‌و گـۆڕی ئـابووری دروسـت دەبێت بەهــەمان شێوەش بوار بۆ دزی‌و تــەزویرو بـەرتیل کـاری بەلێشـاو دەڕەخسێت. لەگـەڵ هاتنەکایـەی ئـاینی ئیسلامدا، بوار بۆ بەنی ئومەییە لایێك‌و دوانزە ئیمامیش لەلایێکی دیەوە دروست دەبێت، هەروەها بوار بۆ زوهدبازی لەلایێك‌و زوهدی راستەقینە لەلایێکی ترەوە فەراهەم دێت. نابـێ بوترێـت ئەگـەر خەڵك هەموو لەخوا ترس‌و هەست ناسك بن، هیچ کاتێك پەخشان و هۆنراوەی ناشـیرین‌و بـەد مانـا نایێتە دی، ئەمە راسـتە. بـەڵام قسـە لەسـەر بەرجەسـتەبوونی ئـەو (ئەگـەر)ەیـە. زمـان هەمیشـە ناکەوێتە دەستی لەخواترسان‌و پاك زوبانان. مرۆڤــە دەرون نەویـەکانیش تێیـدا پشـکیان دەبێـت. لەبەرئەوە هەم شیعری سەعدی‌و هەم شیعری (سورەنی)ش هەردو پەیوەستن بەمێژووی زمانـەوەو لەدایك بوونی هەردوکیان لەپێداویستیەکانی زمانی مرۆییەو ئەگەر مێژوو دووبارە ببێتەوەو دیسـان هەمان زمان بکەوێتەوە دەست هەمان خەڵك، کەم تـازۆر هـەر ئـەم بەرهەمانـە دەهێنێتـەوە کایـە. لەبەرئەوە زمان، هەرئەوەیە کە لەمێژووی زماندا خۆی بەرجەستە کردووە. بەهەمان شێوە، پـارە، فەلسەفەو ئاین‌و مرۆڤیش و زۆی تریش. دزەکان بەردەوام خۆیان بۆ پارەو سامان مەڵاس دەدەن‌و بێبـاوەران بـەردەوام خـراپ سـود لەفەلسـەفە وەردەگرن‌و ئەهریمەنــەکان (شـەیتان) بـەردەوام مرۆڤەکان دەکەنە پاروی خۆیان. لێرەوە قســە لەسـەر پێناسـەی ئـاین‌و مـرۆڤ‌و پـارەو فەلسـەفە نی‌یە. قسە لەسەر بوونی دەرەکی مێژوویی ئەوانە، چرکەیەك ئەڵێین ئاین هەر ئەوەیـە کـە مێـژوی ئاین بەرجەستەی کردووە، مەبەستمان ئەمە نی‌یە کە لەبنەڕەتدا ئاین، نیشانەی راسـت‌و دروسـتی بەسـەر کوفـرو دووڕوویـی‌و زمـان لوسـی‌و ریـیـادا دەدا، مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە بــەردەوام حەشەراتەکان لەدرەختی ئاین کۆدەبنەوەو دڕکەکانیش بـەردەوام لەتـەنیش گوڵەکانـەوە ئـەڕوێن. کرۆکی ئاین لەم ئالودەگی‌و پیسیانە پاڵفتەیە بەڵام درەختێك کە لەم کرۆك‌و ئەسڵەوە سەوز دەبێ دەبێتە کەپری سەدەها لەخواترس‌و لەخوا نەترس، نهێنیەکەشی ئەمەیە کە ئاین ناکەوێتە دەسـت فریشتەکان بەڵکو دەکەوێتە دەست مرۆڤـە (هلـوم، جـزوع، منـوع، عجـول، ڤلـوم جـهول)ەکـان و لێیتێدەگەن‌و بەکاری دەهێنن‌و بەسروشتی خۆیان، نەوەك بەزۆرو ئەنقەست‌و بەئینکاری، لـەتیۆرو لەپراکتیکیشدا، فۆرمیك‌و خەسڵەتێکی تایبـەتی پێدەبەخشـن. خوێندنـەوەو راڤــەکانی هەریــەك لەمەسیحیەت‌و ئیسلام‌و مارکسـیزم، لیـبرالیزم، لـەمێژودا خۆیـان تاقیکردۆتـەوەو بوونـی مێژوویـی

خۆیان خستۆتە پێش چاوو ئەگەر سەد جاریتریش، خودی ئەو خوێندنەوانە دەرکەونــەوەو ببنــەوە دەسەڵاتدار، شێوەو مێژویەکی نوێ بەرجەستە ناکەنەوەو هیچ شتێکی نوێ بنیاد نانێنەوە.

پــاش ئــەم روون کردنەوانــە، ئــەم پرســیارە دەوروژێ کــە ئایــا چاکســازە ئاینیــەکان چییــان لەچاکســازی ئــاینی دەوێو بۆچــی رازی نــابن بــەلاری و نەنگیـیەکان؟ و بۆچــی مێــژوی ئــاین وەك ئــەوەی کــە هەیــە قــەبوڵ ناکــەن؟ دیــارە چاکســازەکان نــابێت زیــاتر لــەوە لــەئاین بخــوازن کــە لەتوانستیدایەو ئەم توانستە کەم تازۆر مێژو لەئاین دەیخاتەڕوو، بەڵام راســتیو تــەواوی بەخشــین بەبیرۆکــەی ئــاینی، و راســت کردنــەوەی خوێندنـــەوە هەڵـــەکان، و ریســـواکردنی داوێـــن پیســـانو خراپەکارانو ئاین فرۆشانو دووڕوان و گەڕاندنەوەی ئاین بۆ جەوهەری خۆی، و راســت کردنــەوەی خوێندنــەوە ناڕاستەکانو دڕاندنــی پــەردەکانی نــەزانیو رقو کینــە خــۆی بەشــێکە لەئەرکـــەکانی ئایندارانو بەشێکە لەمێژووی ئاین. ئایدۆلۆژیاو ئاین، چرکەیەك تەندروستو کارامە بنو بەدروستی راڤــەکرا بــن ئامــادەگی هـــەموو ئـــەو ئافەتانـــەیان هەیـــە، چ جـــای ئـــەوەی کـــە ببنـــە قوربـــانی خوێندنەوەیەکی هەڵەو ناوێکی بێناوەڕۆكو فۆرمێکی بێمانا. چاکسازان نەك تەنها پرەنسیپەکانی ئاین بەڵکو مێژووی بــێ مەدینــەی فازیلــەی ئاینیشــیان تاقیکردوەتــەوەو پەسەندیشــیان کــردوە، و سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە بەدەوریدا مێشو مەگەسیان بینیوە، لەهەمان کاتدا دڵپەیوست بوون بەشیرینیەکەیەوەو دەسیان لــێهەڵنەگرتووە. وەبەچاکی لەوەگەیشــتون کەلــە دارســتانی مێــژوودا گوڵی بێدڕك بوونی نەبووەو، ئەگەرچی ئەو گوڵەش ئاین بێت، و هەوڵ دەدەن تا خوێندنەوەیەکی نوێو مێژوویەکی نوێ دەست پێبکەن.

هەنوکە هیچ شیتەڵکاریو بەرگرییەك لەئاین بێ شیتەڵکاریو بەرگریکردن لەمێژووی ئاین تەواو ناکەوێتــەوەو روخســاری سەرنجڕاکێشــی ئــاین بەتەنــها لەئاوێنــەی بەڵگــەکاری (ئیســتدلال) بـــەڵکو لەئاوێنەی مێژوشدا دەبێت ببیرنێتو شایەتی مێژو نەك تەنــها دەرحــەق بەئایدیۆلۆژیــە مرۆییــەکان بەڵکو دەرحەق بەئایدیۆلۆژیە ئاینیەکانیش دەبێت بەهــەند بگیرێت. ئایدیۆلۆژیا فرۆشــان، لەســەر ئەوە راهاتوون کەبەڵێنی زۆر بدەنو بەشێکی کەمی جێبە جێ بکەنو مێژوو شایەتی دەدات کە نە ئەو بەڵێنانە جیبەجێکراونو نە ئەو شــایەتانە راســتگۆ بــوون. تاقیکردنــەوە مێژوویــەکان کۆتــایی دێنن بەم خەیاڵ پڵاویو تێگەیشتنە هەڵانە. ئەمڕۆ مێژوو و زانســتی کــەلام زیاتر لەهــەمو کــاتێکی دی پێویستیان بەهاوڕێیەتیو یارمەتیدانی یەکدی هەیە.

(١)واتــە: بێبــاکی کــاری عەشــقە نــەوەك کــاری عــەقڵ، چونکــە عـــەقڵ بـــەردەوام لـــەدوی بەرژەوەندیەکانیدایـــە، و عەشـــق گوێنـاداتـــە هیـــچ ئاســـتەنگێكو هیـــچ بەربەســـتێك نابینــێو لەسەختیدا وێنەی بەردی ئاشەو عاشقان نە هــەوڵی تاقیکردنــەوەی خــوا ئــەدەنو نــە بەشــوێن سودو زیاندا وێڵن.

(٣) عاشقی بێباك لەژیان بەرژەوەندی بەهەند نــاگرێت لــەکاتێکدا بــەرێوەبردنی کاروبــاری ژیان، تێرامانو تێفکرینی پێدەوێت و بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بەئەنجام ناگات.

**سەرچاوە:**

فربە تراز ایدئولوژی
انتشارات صراط فرهنگی چاپ پنجم